# برەو

گۆڤارێکی بواری پەرەپێدانی مرۆیی گشتییە
ژمارە (5) ئایاری 2012

**راوێژکاران**
شـــەماڵ مـوفـتـی    د.کەریم ئەحمەد
د.سادق عەزیز خۆشناو    د. ئەحمەد وەرتی

**خاوەنی ئیمتیاز**
نەوزاد سەلام خۆشناو
٠٧٥٠٤٥٣٢٢٢٤
khoshnaw_n@yahoo.com

**سەرنوسەر**
یاسین ئەحمەد زەنگەنە
٠٧٧٠١٤٨٨٩٦٢ - ٠٧٥٠٤٣٣٨٥٨٧
yaseenzangana@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نوسین**
عەلی ئیبراهیم حەسەن
٠٧٥٠٤٦٥٩١٧٢
alizhin@yahoo.com

**دەستەی نوسەران**
ئومێد مستەفا
ئیحسان برهان الدین
ئەمیر ئەحمەد کۆیی
amirkoy@yahoo.com

**بەشی ریکلام**
٠٧٥٠٤٢٠٠٦٥٦

**تایپیست**
هاوڕێ یاسین

دیزاین گۆڤاری بڕیار


٣


٢٠


٥


٣٠


١١

٣٤


١٣

٤٦


١٨

ناردنی بابەت و پەیوەندییەکان لەڕێگای سەرنوسەرەوە دەبێت .

نرخی 2500 دینارە

هەولێر- شەقامی ئیسکان
بەرامبەر ڕاپەڕین مۆڵ

# دەستپێك

سەرنووسەر



# بەختەوەرترین گەلانی جیهان

## شەماڵ موفتی

وابزانم کەم کەس هەیە کە گومانی هەبێ لەوەی کە (بەختەوەری) گرنگە لە ژیانا، ئەو کەسانەش بێ ئومێد بوون لە گەیشتن بە بەختەوەری و بە خەونی دادەنێن و بۆیە لە فەرهەنگی ژیانیاندا لایانبردوە.

هەرچەندە لە مێژوی گەلانا بیرمەند و فەیلەسوفەکان (شیخی سەعدی شیرازی) یەکێك بووە لەو فەیلەسوفانە لە هەوڵی لابردنی لەمپەرە گەورەکانی بەختەوەری بوون وەك خامۆکی و ترس و دڵەراوکێ و مەراق ...هتد، واتا بایەخە زۆرەکە دراوە بە رووە نێگەتیڤەکەی بەختەوەری نەوەك رووە پۆزەتیڤە جوانەکە

توێژینەوە و دیراساتیش زۆرن بە ناونیشانی بەختەوەرییەوە.

زانکۆی مێشیگەن / ئەمەریکا، روپێوانی بەهاکانی جیهانی ئەنجامدا (World Values Surveys (WVS بە پشتبەستن بە داتای 20 ساڵ تا لیستێك دەرکا بەناونیشانی(لیستی وڵاتە (گەلە بەختەوەرەکانی جیهان) .

بۆ زانیاری زیاتر:

http://thehappinessshow.com/HappiestCoun->
<tries.htm

دوو پرسیاری ساکار ئەکرێ لە(راپرسییەکەدا)، یەکەمیان:

بەرێزتان چەند بەختەوەرن (زۆر بەختەوەرم, بەختەوەرم, مامناوەندی, بەختەوەر نیم, بەدبەختم)؟ دوهەمیان: چەند رازیت لە ئاستی گوزەرانت؟ وەڵامی ئەم 2 پرسیارە دەخرێتە ژێر پێوەری subjective well-being SWB (خۆشگوزەرانی خود) کە بە پێوەرێکی بەختەوەری دادەنرێت.

د. مارتن سێلگمەن Dr. Martin Seligman سەرۆکی کۆمەڵەی سایکۆلۆجی ناسان لە کتێبەکەیدا (بەختەوەری راستەقینە) پشت بە یەك پێوەر ئەبەستێ ئەویش (تەنها بەختەوەری )یە. بەڵام د.رۆن ئینگلهارت Dr. Ron Inglehart بەریوەبەری روپێوانی بەهاکانی جیهان (خۆشگوزەرانی تاك) بە پێوەرێکی راستتر دائەنێ.

بە بەکارهێنانی هەردو پێوەر پلە و ئاستی گەلانمان بۆ دەردەکەوێ لە روانگەی بەختەوەرییەوە.

بە پێوەری ( بەختەوەری ) : یەکەم بەختەوەرترین 5 وڵات لە جیهانا:

-1 نایجیریا

-2 مەکسیك

3- ڤەنزویلا

4- ئیل سەلڤادۆر

5- پۆرتۆریکۆ

1. Nigeria

2. Mexico

3. Venezuela

4. El Salvador

5. Puerto Rico

بە پێوەری ( گوزەرانی خود/تاك / subjective well-being ) پلەی وڵاتە بەختەوەرەکان بەم شێوەیەن:

1. Puerto Rico 2. Mexico 3. Denmark 4. Colombia 5. Ireland 6. Iceland 7. N. Ireland

8. Switzerland 9. Netherlands 10. Canada 11. Austria 12. El Salvador

13. Venezuela 14. Luxembourg 15. U.S. 16. Australia 17. New Zealand

18. Sweden 19. Nigeria 20. Norway 21. Belgium 22. Finland

23. Singapore 24. W. Germany 25. France 26. Argentina 27. Vietnam

28. Chile 29. Indonesia 30. Philippines 31. Taiwan 32. Brazil

33. Spain 34. Israel 35. Italy 36. Portugal 37. E. Germany 38. Slovenia 39. Japan

40. Czech Rep 41. S. Africa 42. Croatia 43. Greece 44. Peru

45. China 46. Morocco 47. S. Korea 48. Iran 49. Poland 50. Turkey 51. Bosnia

52. Uganda 53. Algeria 54. Bangladesh 55. Egypt 56. Kyrgyzstan 57. Hungary

58. Slovakia 59. Jordan 60. Estonia 61. Serbia 62. Tanzania

63. Azerbaijan 64. Montenegro 65. India 66. Lithuania 67. Macedonia 68. Pakistan

69. Latvia

70. Albania 71. Bulgaria 72. Belarus 73. Georgia 74. Romania 75. Moldova 76. Russia 77. Armenia 78. Ukraine 79. Zimbabwe

14% وڵاتانی جیهان کەمتر لە 50% ی میللەتەکانیان بەختەوەرن!!

ئەو ئەمەریکییانەی کە داهاتی ساڵانەیان سەرو 10 ملیۆن دۆلارە, بە ئاستەم بەختەوەرترن لە ئەمەریکییەکی ئاسایی!!

تێبینی: پێویستە دو دەستەواژە جیاکەینەوە لە یەك:

1) ( پێوەر / measurement/ معیار / مقیاس ) کە حاڵ و ڕاستی پێوراو ئەدا بە شێوەیەکی دروست و بێ گومان.

2) ( مؤشر / indicator / .....) کە هەرگیز - لە ڕووی زانستەوە - ناگات بە پێوەر،بەڵام جۆرە خوێندنەوەیەکە بۆ پێوراو.



# ڕێگری لەیاری کردن هۆکاری پاشەکشەیە لەتێکڕای زیرەکی منداڵ

ئامادەکردنی: ئەمیر ئەحمەد عەبدولقادر
Amir_koy@yahoo.com

توێژینەوەیەکی زانستی نوێ دەری خستووە کەرێگری کردن لەمنداڵ لەئەنجامدانی چالاکیەکی دیاری کراو کاریگەری لەسەر تێکڕای زیرەکی منداڵەکەهەیە. بەپێ ی توێژینەوەیەك کەلەگۆڤاری پزیشکی منداڵان بڵاوکەراوەتەوە یاری کردن یارمەتی گەشەکردنی خانەدەمارەکانی مێشك دەدات.بۆ نموونەکاتێك یاری شەش پاڵوەکان دەدەیت بەمنداڵەکەت ئینجا داوای لێدەکەیت ڕێکیان بخات ، لەکاتێکدا ئەو سەرقاڵی ئەنجامدانی ئەو چالاکیەفکرییەئەوا دەمارەخانەکانی مێشکی دەست دەکەن بەبنیاد نان و پێکەوەبەستن لەگەڵ هەر جموجۆڵ و شارەزاییەکی ڕێکخستن و بیرکردنەوە لەگەڵیدا، بەم شێوەیەهەر کاتێك منداڵ دوو چاری هەڵوێستێك بێت کەپێویستی بەشارەزایی و پسپۆڕی تایبەت یان ئاسایی هەبێت ئەوا خانەکانی مێشکی خۆیان بنیاد دەنێن و بەیەکەوەپەیوەست دەبن بەگوێرەی ئەو لێهاتوویی و ئەزموونانە.

**شارەزایەکانی بیرکردنەوەی باڵا**

ئەوەهەرکاتێك منداڵ دووچاری هەڵوێستێك بوویەوەکەپاڵنەری بێ بۆ زیرەکی یاخود پێوویستی بەپسپۆڕی بیرکردنەوەی باڵا هەبێت وەکو سەرقاڵ بوون بەیاری و گاڵتەو گەپ لەماڵەوەیاخود لەمیانی مەشقکردن لەسەر وێنەکێشان،ئەوا دەیان لەدەمارەخانەکانی مێشکی بنیاد دەنێ و بەیەکەوەدەبەستێ بەگوێرەی ئەو شارەزایی یانەبۆ ئەوەی لەپاشەرۆژدا نموونەگەلێك پێك بهێنێ کەبگشتێنرێ بەسەر زۆربەی ئەو هەڵوێستانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە،ئەمەش بەسەر ئەو هەڵوێست و شارەزایانەدا جێ بەجێ دەکرێ کەپاڵنەری زیرەکی نین.

توێژینەوەکە ئاشکرای کردووەکە ڕێ گرتن لەمنداڵ لەئەنجامدانی چالاکی جۆرا و جۆر وەکو مۆسیقا بۆ نموونەدەبێتەهۆی سست بوون یان مردنی هەندێك لەدەمارەخانەکانی مێشك کەتایبەتن بەمۆسیقاوەئەمەش مانای لەدەستدانی یەکجارەکی ئارەزووی چێژ وەرگرتن لەدەنگ و ئاوازی مۆسیقایە، و ئەوەش بەسەر زۆرێك لەچالاکی و ڕەفتارەکانی ڕۆژانەدا جێ بەجێ دەبێت کەکاتێك ڕێگری لەئەنجامدانی دەکرێ ئەوا مێشکی بەووزەی تەواوی خۆی کارناکات و ئەوەش مانای هاتنەخوارەوەی ئاستی زیرەکی و ژیرییە کەوای لێ دەکات بۆ هەتا هەتایەژیان لەبەردەمیدا ئەستەم و گران بێت.



# هەژاریی وئاسەوارەکانی جەنگ لەسەر ژینگە

ئەندازیاری راوێژکار عەبدولرەحمان سدیق

بەڵێی راڵۆرتی دەزگای ناوەندیی ئاماری سەر بەوەزارەتی پلاندانان و هاوکاریی نێودەوڵەتی عێراقی دەرکەوتووە کەحەوت ملیۆن عێراقی لەخوار هێڵی هەژارییەوەدەژین کەئەمەش دەکاتەرێژەی لە٪ی دانیشتوانی عێراق، کەهێڵی هەژاریی تیایدا بە٧٧٠٠٠دینار بۆهەر تاکێك لەیەك مانگدا دیاریی کراوە.

لەلایەکی دیکەوەرێژەی بێکاریی هێشتا لەئاستی ١٥٪دایەئەگەرچی ئەم رێژەیەلەساڵی ٢٠٠٣دا نزیکەی ٢٨٪بوو(١)

لەبارودۆخێکی ئاوادا زۆر زەحمەتەقسەلەسەر ژینگەو گەشەلێدان بکەین چونکە پاراستنی ژینگەوەك چەمکەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی و لێبوردەیی و پێکەوەژیان و...هتد، پێویستی زۆری بەکۆمەڵگەیەك هەیەکەلای کەمی پێداویستیەسەرەکیەکانی لەژیاندا دابین کرابێت، هەر لەبەر ئەمەشەدەڵێن: دیموکراسیی پەیوەستەبەبووژانەوەی چینی ناوەند لەنێو کۆمەڵگەدا، چونکەناکرێت زۆرینەی کۆمەڵگەهەژاربن و نەخوێندەواربن و، لەهەمان کاتیشدا دیموکرات بن و لەچەمکەنوێیەکان تێبگەن .(٢)

پاراستنی ژینگەش لەبەردەم هەڕەشەی هەژاریدایەو، هەژاران ناپەرژێنەسەر خەمی پاراستنی ژینگەلەکاتێکدا ئەوان ئاوی خواردنەوەی پاکیان پێ ناگات و، کارەبایان نییەو، نەخوێندەوارن.

پێناسەی زۆر بۆ هەژاریی ونەبوونیی کراوەلەلایەن توێژەرانەوەکەدواجارگوتراوە: (هەژاریی بارودۆخێکی سەختی ژیانەلەنەبوونی و کەمدەرامەتی و بەدخۆراکیی و نەخوێندەواریی و نەخۆشیی و ژینگەی داڕووخاوو، تێکڕای بەرزی مردنی منداڵانی شیرەخۆرو، تێکڕایەکی نزمی تەمەن). (٣)

دیاردەی هەژاریی لەسەر سێ کۆڵەکەدەوەستێت: بێکاریی،

کەمیی کرێی کار، جیاوازیی گەورەی نێوان مووچەکان، ئەمەجگەلەنزمیی ئاستی ئاسایش وسەقامگیریی ، دیاردەی تیرۆر.

دیارەکەخەڵکی هەژار لەسایەی ئەو پێناسەیەی سەرەوەو، لەبەر نەبوونیی، لەخەمی درێژەدان بەژیانێکی سەختدا، بیر لەژینگەو پاراستنی پێکهاتەکانی ناکەنەوە، بەڵکو هەژاریی ناچاریان دەکات بۆ سووتەمەنی و خۆ گەرمکردنەوەدار ببڕنەوەو، پاوانەسروشتیەکان بەکاربەرن و، ئاوی ناتەندروست بخۆنەوەو، پاکو خاوێنی شوێنی ژیانیان بۆ ڕانەگیرێت و لەنێو پاشماوەی ڕۆژانەی خۆیاندا بژین و، هەرکاتێکیش بەو ژیانەرازیی نەبن، ئەوا بەلێشاو ڕوو لەشارەگەورەکان دەکەن و، هەمان ژینگەی ناتەندروست لەکەناری شارەکاندا دروست دەکەن و، زیان بەملیۆنەها خەڵك دەگەیەنن .

بەڵێی بەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆژینگە(unep) لەکۆی (١٠)گرفت ولەمپەری بەردەم پاراستنی ژینگەدا، ،هەژاریی بەپلەی یەکەم دێت و،هەروەها لەکۆی خاڵەکانی پێشنیارکراو بۆ چارەسەری پیسبوونی ژینگە،دووبارەکەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاریی هەر بەڵەی یەکەم دێت.(٤)

دەوڵەتێکی وەك عێراق کەدەرامەتی ساڵانەی تاك تیایدا(٤٢١٩)دۆلاربوو لەساڵی ١٩٧٩، ئەم برەلەساڵی ٢٠٠٦دا، بۆ(١٤٥٦)دۆلار دابەزی بۆهەرتاکێك چونکەڕێژەی هەڵاوسان هەر لەوساڵەدا گەیشتە(٥٣٪).(٥)

هەژاران وەك ئەنجامدەری پیسبوونی ژینگەن لەبەر نەبوونی و نەخوێندەواریی، هەر خۆشیان قوربانیی یەکەمی پیسبوونی ژینگەن ، چونکەهەژاریی وەك ئەنجامی کۆمەڵێك هۆکارە، لەهەمان کاتیشدا هۆکارەبۆ کۆمەڵێك ئەنجامی دیکەی نەخوازراو.

لەعێراقدا ئەمڕۆ تەنها پشت بەنەوت دەبەسترێت لەکاتێدا عێراق لەدێرزەمانەوەبەوڵاتی نێوان دوو ڕووبار ناسراوەو،خاوەنی کشتوکاڵ و لێشەسازیی زۆر گەورەبووە، بەڵام ئێستا تەنها نەوت لە٪ی بودجەی عێراقەو، بەشداریی کشتوکاڵ لەبودجەدا بۆ٧٪دابەزیوەو، بەشداریی پیشەسازییش لەبودجەدا بۆ ٢٪دابەزیوە(٦)

هەروەها هاوسەنگیی نێوان توێژەکانیش تێکچووەبەجۆرێك کەکاتێك زۆرینەهەژاربن ئەوا کەمینەیەکی کەمیش زۆر دەوڵەمەند دەبن، لەبەر قازانجی بێسنوور گوێ بەژینگەو هەژاران نادەن و، بەکارگەو بەرهەمەکانیان ژینگەپیس دەکەن .

ئەمڕۆ بەپەلەو بێدواکەوتن پێویستە بارودۆخی هەژاران چاك بکرێت و، خوێندەوار بکرێن و، تواناکانیان بەگەر بخرێن، شوێنی نیشتەجێبوونی تەندروستیان بۆ دابین بکرێت، چونکەهەژاریی هەڕەشەیەلەئاسایشی ژینگەو داوتریش لەئاسایشی نیشتمانیی بۆیە پێویستەچارەسەر ئەمەبێت :

یەکەم :- نەهێشتنی هەژاریی لێش هەمو شتێك ،بەباشکردنی دەرامەتی تاك و، خزموگوزاریی و،ریفۆرمی ئابووریی .

دووەم :- پەلەکردن لەسڕینەوەی ئاسەوارەکانی جەنگ و، دووبارەشیاندنی زیان لێکەوتووانی بواری جەنگەزۆرەکانی عێراق.

سێیەم :- کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ هۆشیاریی ژینگەیی و، چۆنیەتی مامەڵەکردنی تەندروست لەگەڵ پاشماوەکانی جەنگدا.

چوارەم :- زیاد کردنی چینی ناوەند ، چونکەهەژاری نەدارو دەوڵەمەندی لەرادەبەدەر هیچیان لەبیری پاراستنی ژینگەدا نابن هەژاران لەبەر نەبوونی و، دەوڵەمەندانی گەورەش لەبەر قازانج !! .

پێنجەم :- چوونە نێو ڕێککەوتننامەو پەیماننامەنێو دەوڵەتییەکان وئیمزاکردنیان لەلایەن عێراقەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم خاڵانەو هی دیکەشدا، دەتوانین لەعێراقدا بایەخی زیاتر بەپاراستنی ژینگەبدەین و، دەست بکەین بەبنیاتنانی تواناکان و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی و هۆشیاریی ژینگەیی .

١- ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٩ی دەزگای ناوەندیی ئاماری عێراق.

٢- د.محمد حامد،مجلەعالم الاقتساد، العدد ٤٧ دیسمبر ١٩٩٥.

٣- د.علی حسین ،البیئەالعراقیە،المشکلات والافاق،ل ١١٢.

٤- وێبسایتی بەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ژینگە<http://www.unep.org>www.unep.org</

٥- ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٦ی وەزارەتی پلاندانان وهاوکاری نێودەوڵەتی عێراق.

٦- هەمان سەرچاوەی لێشوو.

*یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق لەکابینەی ئەنجومەنی حوکم (٢٠٠٣ـ٢٠٠٤ )

# بۆچی نەخۆش لای پزیشکی دەروونی چاك نابێتەوە؟

د.ڕێدار محەمەد ئەمین
پسپۆری نەخۆشیە دەروونیەکان



ئەمە پرسیارێکە زۆربەی خەڵك دەیکەن،تەنها لەبەر ئەوەش نیە ئەمانە زانیاری کەمیان لەبارەی دەروونەوە هەیە،بەڵکو هۆی سەرەکی ئەوەیە ،کەئەوان ڕۆژانە چەندین حاڵەت ونەخۆشی دەروونی دەبینن ساڵانێکەوە پێیەوە دەناڵێنن،ئەم بڕوایە بە شێوەیەکی وەها قۆڵبۆتەوە،کە هەموو خەڵك پێیان وابێت،هیچ نەخۆشیەکی دەروونی چاکبوونەوەی نیەو هەموویان دەرەنجام شێت دەبن.

بۆ شیکردنەوەی ئەم بڕوا هەڵەیە پێویستە لەسەر دووبۆچوون قسەبکەین.بۆچونییەکەم:جیاوازیو لە یەکچوونی نەخۆشیەدەروونیەکان لەگەڵ

نەخۆشیەکانی تری جەستەیی،بۆچوونی دووەم:چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشیەدەرونیەکان و بیروبۆچونی جیا لەسەر رۆح وکاریگەری لەسەرمرۆڤ،لە بۆچوونییەکەمدا،ئێمە پێویستە ئەوراستیە بزانین،کە هەر وەك چۆن مرۆڤ ئەگەری تووشبوونی بەنەخۆشی جەستەیی هەیە،بە هەمان شێوەش ئەگەری تووشبوونی بە نەخۆشی دەروونی هەیە،نەخۆشیە دەروونیەکانیش هەیانە بە ماوەیەکی کەم چاك دەبێتەوە وهەیانە درێژخایەنە،تێکهەڵکێشیەکیش هەیە لە نێوان نەخۆشیە دەروونیەکان ونەخۆشیە جەستەییەکان وهەریەکەیان کاریگەری بەسەر ئەویتر هەیە،بۆ نموونە ڕەنگە کەسێك شێرپەنجەی هەیە وتووشی خەمۆکی ببێت،یەکێك نەخۆشی دڵی هەیە تووشی دڵەڕاوکێ ببێت،بەهەمان شێوەش کەسی خەمۆك ڕەنگە زیاتر تووشی نەخۆشی دڵ وفشاری خوێن ببێت،ئەوانە تەنها نموونەن

وەلێ پەیوەندیەکە زۆر لەمانە زیاترە،تاکە جیاوازیەکیش لە نێوان نەخۆشی جەستەیی ونەخۆشیە دەروونیەکان ئەوەیە،کە نەخۆشی دەروونی هەر تەنها بەدەرمان چاکنابێتەوە،بەڵکو پاڵپشتی خێزان وکۆمەڵگاو گۆڕینی دیدی نەخۆشەکە بۆ ژیان پێویستە،کە بەزاراوەی دەروونی پێی دەڵێن"چارەسەری دەروونی"چونکە ئەگەرچی نەخۆشی دەروونی لە ئەنجامی چەند گۆڕانکاریەکی کیمیاوی لەناو مێشك ڕوودەدات،بەڵام تا ئێستا دیارنیە ئایا ئەم گۆڕانکاریانە هۆکارن یان دەرەنجامی نەخۆشیەکە،بۆچوونی دووەم بریتیە لە جیاوازی دیدی مرۆڤەکان لەسەر دەروون،هەیانە دەروون بە ڕۆح دادەنێت وهەر نەخۆشیەکی دەروونیش واتە تێکچوونێکی ڕۆحی ئەو مرۆڤەیە،هەیانە بڕوای بە ڕۆح نیە ودەروون وەك ئەقڵی مرۆڤ دەخوێنێتەوە،بۆیە هەموو ڕیگا چارەیەکیشی هەر لە ڕێگای جەستەوە دەبێت،لە نێوان ئەم دووانەشدا هەیە بڕوای بە ڕۆح هەیە وەك تەواوکەری جەستەو،دەروونیش بریتیە لە بەشێك لە هەردووکیان،یان گەر ڕوونتر بڵێین خاڵی بەیەکتر گەیاندنیان،زانستی پزیشکی دەروونی"ئەگەرچی بنەمایەکی ماتریالی هەیە"بەڵام زیاتر لەسەر تەوەرەی سێیەم کاردەکات وهەوڵدەدات وەك جەستەوڕۆح مامەمەڵە لەگەڵ مرۆڤ بکات وهەردوولایەنی جەستەیی ودەروونی چارەسەربکات،چونکە کارکردن لەسەر یەکێکیان وپشت گوێخستنی ئەویتریان،نابێتە هۆی چارەسەری تەواو،بەڵکو هەندێکجار کاردانەوەی خراپی دەبێت،وەك ئەو شێخانەی دەیانەوێت بەئازاری جەستەیی چارەسەری دەروونی بکەن،گوایە دەیانەوێت جنۆکە لەلەشی نەخۆشەکە دەربکەن!یان ئەو پزیشکانەی بەتەنها پشت بەستن بەدەرمان دەیانەوێت نەخۆشەکە چارەسەربکەن وگەر سەرکەوتووش نە بوون پەنا دەبەنە بەر چارەسەری بە کارەبا!.

ئەم جیاوازی وفرە شێوازانە لە چارەسەرکردن،لە ئەنجامی بوونی بۆچوونی جیاوازو ڕای جیاوازە لە سەر نەخۆشیە دەروونیەکان،چونکە نەخۆشی دەروونی مامەڵە کردنە لەگەڵ شتێکی نادیار،جگە لەمەش توانایی ئەقڵی نەخۆش وچۆنیەتی تێڕوانینی بۆ ژیان هۆکارێکی گرنگی چارەسەرکردنن،ئەمەش وایکردووە شێوازەکان بە جیاوازی نێوانیان،تا ڕادەیەك بتوانن چارەسەرێکی کاتی بۆ نەخۆشەکە دابنێن،بەڵام هەموو دەم ئەم چارەسەرە سەرکەوتوو ترە،کە ڕاڤەیەکی زانستی هەیەولەهەمان کاتیشدا پشت بە ئامار دەبەستێت،بەو مانایەی کە ئەو شێوازە زانستی ترە،زۆرترین نەخۆش چارەسەربکات،زانستی پزیشکی دەروونیش لە هەموو شێوازەکانی تر زیاتر پشت بە ئامار دەبەستێت،بەم شێوەیەش لە هەمووان سەرکەوتووتر دەبێت،هەر شێوازێکی تری چارەسەریش ئەگەر بیەوێت سەرکەوتوو بێت،دەبێت ئامار بکاتە مەبەستی،واتە دەبێت ئەمە بسەلمێنێت،کە ئەو ڕێگایەی بەکاری دەهێنێت زۆرترین نەخۆشی پێ چارەسەردەکات وتەفسیرێکی زانستی یان بەرجەستەشی هەبێت.هەموو شێوازەکانی تر لە پاراسایکۆلۆژیاوە هیچ ئامارێکی زانستیان نیە،بۆیە ناکرێ بە زانستی دابنرێن،ئەو چارەسەریەش کە بەدەستی ئەوان ئەنجام دەدرێت،لە زانستی پزیشکی لێکدانەوە وراڤەی خۆی هەیە،لەوانەش متمانەی نەخۆش بە چارەسەر،کە وادەکات نەخۆشەکە متمانەی بە خودی خۆیشی زیادبکات،ئەمەش بڕبڕەی پشتی چارەسەری نەخۆشیە دەروونیەکانە،چونکە بێ گەڕانەوەی بڕوای نەخۆش بە خودی خۆی مەحاڵە بتوانین چارەسەری گونجاو وتەواوی بۆبکەین،جگە لەوەش زۆربەی ئەو حاڵەتانەی لای ئەوان چاکدەبنەوە هیستیریان،هیستریاش بە پەیبردن"ایحا"چاکدەبێتەوە،جا لای پزیشك،شیخ،من،تۆ،یان هەرکەسێکی تری ئاسایی بێت،کە هێ لە دەروون شارەزانیە!

بەڵام زۆربەی خەڵك ئەم ڕاستیە نازانن،بۆیە ئەوانیش بەسەر چەند کۆمەڵێك دابەشبوونە،هەیانە تەنها بڕوای بە شێخ وسەیدو مەلا هەیە،هەیانە تەنها بڕوای بە پزیشکی دەروونی هەیە،هەیە بەسەر لێشێواوی لەمیان بۆ ئەمیان وبە پێچەوانەش دەڕوات،کۆمەڵەیەکی تریش هەن بڕوایان بە هیچیان نیە،یان هەر بڕوایان پێ نەماون.

باسەکەی من لێرە لەسەر پزیشکی دەروونیە،دەمەوێت هەندێك لەو هۆکارانە ڕوون بکەمەوە،بۆچی نەخۆش لای پزیشکی دەروونی چاکنابێتەوە،ئەمە لە کاتێکدا تا ئێستا پزیشکی دەروونی سەرکەوتووترین ڕێگایە بۆ چارەسەری!

١-درەنگ چوونە لای پزیشك لەبەر شەرم وعەیبە:ئاشکرایە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا،هەموو گرفتێك وکەموو کوریەکی دەروونی بە بێتوانایی دادەنرێت،بۆیەش هەروەك شەرم وعەیب سەیردەکرێت،پزیشکی دەروونیش وەك پزیشکی شێتان ناسراوەو تەنها گەر یەکێك شێت بێت بۆلای ئەوی دەبەن،واتە ئەو کەسەی ئەگەری شێت بوونیشی هەیە نابێت بچێتە لای تا شێت دەبێت!ئەم تێڕوانینە سەلبیانە بۆ گرفتی دەروونی وپزیشك وایکردووە کەم کەس بیر لەوە بکاتەوە بچێتە لای پزیشکی دەروونی،یان کاتێك بچێت کە نەخۆشیەکەی لە قۆناغێکی درەنگ وسەخت بێت،کە چارەسەری ستەم بێت،ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەم تێڕوانینە هەر لە

وڵاتە تازە گەشەسەندووەکانی وەك وڵاتی ئێمە نیە،بەڵکو لە ئەورووپاو ئەمریکاش هەمان بۆچوون هەیە،بەڵام دەبێت ئەوە بڵێین ئەوان قۆناغێکی باشیان بڕیوە لەم بوارەدا،لە وڵاتی ئێمەشدا پێویستە میدیاکان زیاتر گرنگی بەم لایەنە بدەن وبۆ خەڵکی شیبکەنەوە.

٢-وەرنەگرتنی دەرمان بە ڕیکو پێکی:فاکتەرێکی گرنگە،چونکە زۆربەی نەخۆشەکان،دوای ماوەیەك لە وەرگرتنی دەرمان بێ ڕاوێژکاری پزیشك واز لە دەرمان دەهێنن،گوایە چاکبۆنەتەوەو چیتر پێویستیان بە دەرمان نیە،هۆکاری تری وازهێنان لە دەرمان،ئەوەیە کە بڕوایان وایە ئەم دەرمانانە دەبنە هۆی ئالوودەبوون و،دەبێت هەتا هەتایە وەری بگرن،لە زۆربەی بارەکانیشدا نەخۆش هۆشی تەواوی نیە بۆ وەرگرتنی دەرمان ونازانێت چۆن وەری بگرێت،بۆیە ئەرکی خێزانە ئەم کارەبکات.

٣-نەبوونی پاڵپشتی خێزانی وکەسانی خەمخۆر:هەروەك لە خاڵی یەکەم باسمان کرد،بەدەگمەن ڕێك دەکەوێت نەخۆشێك لە قۆناغە سەرەتاییەکانی نەخۆشیەکەی سەردانی پزیشکی دەروونی بکات،ئەوکاتەی کە بیرو هۆشی تەواو لای خۆیەتی و ڕەفتارەکانی دروست وتەواون،بەڵکو کاتێك دەگەیەنرێتە لای پزیشك زۆر درەنگە ونەخۆشەکە تەواو متمانەو بڕوای خۆی لەدەست داوە یان هەر هۆشی لەم دونیایە نەماوە،لێرەشدا پاڵپشتی خێزان وکەسانی خەمخۆر پێویستەو پشتگوێ خستنی ئەوان گرفتەکەی قوڵتر دەکاتەوە.

٤-زۆری قەیرانە کۆمەڵاتیەکان وهاتنیان بە دوای یەکدا:زۆرجاران گوێمان لەکەسوکاری نەخۆش دەبێت دەڵێن،کەوا نەخۆشەکەیان تا لە نەخۆشخانە بوو زۆر باش بوو،بەڵام کاتێك بردیانەوە ماڵەوە،بەرە بەرە بەرەو خراپی دەڕۆیشت،ئەگەر وەرنەگرتنی دەرمان بە ڕێکو پێکی ونەبوونی پاڵپشتی خێزانی دوو هۆکاری گرنگ بن،ئەوا زۆری قەیرانە کۆمەڵایەتیەکان هۆکارێکی تری گرنگن،ئەو قەیرانانەش لەناوماڵ یان لەدەرەوە هەن وکاریگەری خراپیان لەسەر نەخۆشەکە دەبێت،زۆرجاران خیزان درك بەم فاکتەرە گرنگە ناکەن،هەرکە سەیریان کرد نەخۆشەکەیان بەرەو باشی چوو،ئیتر پشتی تێدەکەن،یان ڕەچاوی ناکەن وقسەی ڕەق وناخۆشی پێدەڵێن،بێئەوەی هەستبکەن ئەم نەخۆشە هێشتا لە قۆناغی چارەسەریەو تەنانە ت بە هەبوونی گرفتی نێوان ئەندامانی تری خێزانەکەش تێکدەچێت،هەروەها کۆمەڵگەش دەبێت بە چاوی ڕێزوبەزەیی سەیری ئەم نەخۆشانە بکات ولە شوێنە گشتیەکان یارمەتیان بدرێت وەك فەرمانگەکان.

٥-کەم دەرفەتی پزیشك بۆ دیتن وبە دواداچوونی نەخۆش:ئەمەش گرفتێکە نەك هەر بۆ نەخۆشی دەروونی،بەڵکو بۆ هەموو نەخۆشیەکانی تریش،کەوا پزیشك کاتی تەواو تەرخان ناکات بۆ دیتنی نەخۆشەکانی،ئەم ڕەفتارەش دوورە لە پرەنسیپەکانی ڕەوشتی پزیشکی،چونکە هەمیشە دەبێت کات بۆ نەخۆش بێت نەك پزیشك،گرفتێکی تر نەتوانینی پزیشك بۆ بەدواداچونی نەخۆشەکە،جا لەبەر ڕێگا دووری،کەم دەرامە تی،پشتگوێ خستنی خێزانەکەی یان هەر هۆکارێکی تربێت.

٦-خراپی ئەودەرمانانەی کە لەدەرەوە دێن:بە داخەوە ئەم گرفتە وەك گرفتی بەنزین وکارەبای لێهاتووە وحکومەت لە بەرامبەری دەستەوەستانە،بازرگانە بێ ویژدانەکانیش،ئەوانەی کە نەدینیان هەیە نەوڵات،نە ویژدانیان هەیە ونەمرۆڤن،ژەهرو گەچ بەنرخی کەم دەهێنن ودەرخواردی خەڵکی بێتاوان وبێ دەسەڵاتی دەدەن،ئەمانە هاوشێوەی عەلی کیمیاوین،بەڵام عەلی کیمیاوی بە ڕۆژێك کارەکەی کرد،ئەوانە ڕۆژانە دەیکەن.

٧-بردنی نەخۆش لەم پزیشك بۆ ئەو پزیشك یان بۆ لای شیخ ومەلا:ئەمەش لەبەر بێ متمانەیی یان کەم تێگەیشتنی کەسوکاری نەخۆشەکە،بەم پێیەش نەخۆشەکە لە بازنەیەکی بۆشدا دە خولێتەوەولە کۆتاییشدا متمانەی بە هیچ نامێنێت،هۆکاری ئەمەش پەلەیی خەڵکە بۆ وەرگرتنی چارەسەری خێراوسیحراوی،واتە ئەوان حەزدەکەن نەخۆشەکەیان ببینن یەکسەرچاکبۆتەوە،لە کاتێکدا بەچەندین ساڵ گەیشتۆتە ئەم حاڵەتە.

لەم هۆکارانەی سەرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە چارەسەری بەدەست هەریەکە لە خودی نەخۆشەکە خۆی وخزمو کەسوکاری وپزیشکەکانە ومیدیاکانیش ڕۆڵێکی کارێگەر دەبینن بۆ بەیەك گەیاندنی ئەمانە هەمووی،بڕواو متمانەی خەڵکیش هەر لە ڕێگای میدیاکانەوە زیاتر دەبێت،ئەوان دەبێت ئەوە بۆ خەڵك نیشانبدەن،کە زۆرکەس هەبوون شەرمیان دەکرد لەبەردەم دوو کەس قسە بکەن،باشترین وتارخوێنیان لێ دەرچوو،زۆرکەس هەبوون لە بچوکترین شت دەترسان،ئازاترین سەرکردەیان لێ دەرچوو،ئەمانە هەمووی لەیەك بیروباوەڕ سەرچاوەدەگرن،کەوا تواناکانی مرۆڤ بێ کۆتایین وهیچ شتێك لەبەردەم مرۆڤ هەرگیزنیە.



# چەقبوونی خەیاڵ و کاریگەری بۆ خود

پەستی و مەستی دەروون هۆکارن بۆ سستبونی پەروەردەی لە دەروونسازی مرۆڤدا. چەق بەستووی لە حالەتی خەیالیبوون بە گرێ سادەکانی ژیان وات لێدەکات بەدەست غەمباری بناڵێنی و خۆت لە قالبێکی بچوکدا پێوانە بکەیت. بەمەش، خالی تورەبوون لە خود و دەرروبەر دەسپێدەکات و هەستکردن بە داڕووخان لە ناخدا سەرهەڵدەدات.

مەستبوون بە غەمگینیەوە دەردێکی کوشندەیە کە توانای داڕووخانی توانابەهێزەکانی ناخی مرۆڤی هەیە، وە لە هەمانکاتدا چاندنی تۆوی ئێش و ئازاری درێژخایەنی هەیە کە وا لە تووشبوی ئەم دەردە دەکات لە خودی خۆی بڕەنجێ و توانای پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی نەمێنێ. هۆکاری سەرەکیش خەملاندنی خودە بە پێوەرێکی کەم بەها. بۆ چاکتر ئاشنا بوون با گوێ بگرین لە وتاری یەکێك لە سیمینارەکانی بواری گەشەی مرۆیی:

”لە یەکێك لە سیمینارە بەناونانگەمانی بواری گەشەی مرۆیی وانە بێژێك لەبەردەم ئامادەبوواندا دەستی بە سیمینارەکەی کرد بە بەرزکردنەوەی وەرەقەیەکی (٢٠) دۆلاری، پرسیاری لە ئامادەبووان کرد: ئایا کەسێ لە ئێوە حەزدەکات ببێت بەخاوەنی ئەم بڕە پارەیە؟

هۆلەکە بەیەکجاری پڕبوو لە وەڵامی ئەرێ بە دەست بەرزکردنەوەی ئامادەبووان.

زۆر چاکە! ئیستا من هەر بەنیازم ئەم پارەیە بدەم بە یەکێکتان، بەڵام با لە پێشدا کەمێك لوولی بدەم بە دەستەکانم. ئێستا کێ بەم شێوەیە، کە هەمووی لوو و لۆچە، دەیەوێ ببێتە خاوەنی ئەم بڕە پارەیە؟

دووبارە هۆڵەکە پڕبوو لە وەڵامی ئەرێ و دەستی ئامادەبووان هەر لە ئاسمان بوو.

باشە ئێستا سەرەرای لوو و لۆچیەکەی دەمەوێ لە سەر ئەرزەکە بە تۆز و خۆلیشی کەم، ئەمجارەیان کێ بەنیازە ئەم برە پارە پڕ لۆچ و تۆزاویەی هەبێت؟

بۆجاری سێیەم، ئامادەببوانی ناو هۆڵەکە هەر هەمان دەربڕینی یەکەم جاریان هەبوو بۆ بوون بە خاوەنی (٢٠) دۆلاریەکە.“

بەرێزان:

سەرەرای پڕ لۆچی و تۆزاوی بوونی بڕە پارەکە، بەڵام هیچ کیشەو گرفتیکی نەنایەوە تاوەکو لە دڵی ئامادەبووانی دەریکات، ئەمەش واتای ئەوەیە، کە هیچ کاریگەریەکی نەکردە سەر نرخ

و بەهای. هاوشێوەی ژیان، ئێمە زۆرجار ڕووبەڕووی داکەوتن و دواکەوتن لە هەنگاوەکانی ژیان دەبین. بە هۆی بڕیارو هەڵوێستی هەڵەوە کە ئەمەش تۆزی خەجاڵەتی و شەرمەزاری هەڵدەگرن. یاخود، گوزەرانی نەبوونی و هاوتانەبوونی شێوازی ژیان لەگەڵ دەرووبەردا دەدخاتە هەستێکی نامۆ کە بە بێ نرخی و کەم بەهای لە خود پێوەر دەکەیت. بەڵام، هیچ کێشە و گرفتێك نیە چی گوزەراوە و دەگوزەرێ. هەرگیز ئەو نرخ و بەهایەی کە پەیوەستە بە کەسایەتی تۆوە و هەڵقولاوی ناوەڕۆکی دەررونی خۆتە بە نەگۆری دەمێنێتەوە.

دەرگاکانی هەڵسوکەوت لەبەردەم تۆدا زۆرن، ڕەنگە هەنگاوت بۆ دەرگایەك بردبێت کە لەگەڵ خودی خۆت و دەورروبەرت ناتەبابی. بەمەش لاسەنگی لە هەڵسوکەوتت ڕوودەدات بەرامبەر بە کەسانی تر، بەڵام لە کۆتادا تۆ هەر خاوەن دەرگای سەرەکی خۆتی کە هەڵێنجراوی دەروونتە و دەبێ بە هاوسەنگی بیهێلیتەوە تاوەکو خۆشەویست و پڕ بەها بیت.

خودایزاناو بە توانا هەموو پێویستیەکانی بۆ ژیانی بەدیهێنراوەکانی فەراهەم کردووە. هیچ کارێك بەرێکەوت نەبووە، بەڵکو گشتیان بە پێوەرێکی حەکیمانە بۆ ئامانجێکی ڕۆشن بەمەبەسهێنراون. هەر یەکەیان بەجۆرێك لە سەر شانۆی ژیان ڕۆلی خۆیان وەرگرتووە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجێك. مرۆڤیش کە چاکترین و باشترین بەدیهێنراوەکانی خودایە ئەرك و ڕۆلێکی پڕ ئامانجی پێ سپێدراوە لە سەر ئەم شانۆیەدا، بۆیە هەرگیز بەبێ مەبەست لە ڕێرەوی ژیاندا خێمەی گوزەرانت هەڵمەخە بەبێ نرخی و بێ سوودی. هەردەم ئاڕاستەی هەست و نەستەکانت شەپۆلێکی خۆشەویتانەبێت بۆ دەرووبەرت بۆئەوەی ئاڕاستەی پێوەری هەڵسەنگاندنەکان بۆت بەگرانبەها بن.

و. بەدەستکاریەوە/ موستەفا موسلح



# پێویستمان بە نەوەیەکی سەرکردە هەیە !!!

یاسین احمد زەنگەنە

پێم وایە یەکێك لە کێشە سەرەکیەکانی نەتەوەی ئیسلام زیاتر خۆی لەوەدا دەبینێتەوە ، کە هەر باسی سەروەریەکانی رابردوو دەکرێت ، باس لە کەڵە پیاوانی مێژووی زێرینی ئیسلام دەکرێت وەك عومەری کوڕی خەتتاب و عومەری کوڕی عەبدول عەزیزو خالیدو صەلاحەدینی ئەیوبی و ... هتد .

کەس نکوڵی لە رۆڵ و تواناو دڵسۆزی ئەم سەرکردە بەڕێزانە ناکات ، کە لە سەردەم و قۆناغی خۆیاندا خزمەتی ناوازەیان بە ئیسلام و موسڵمانان کردووە چاك وایە لە ژیان و سەرگوزشتەیان پەندو ئامۆژگاری وەرگرین و لە دونیای ئەمڕۆماندا لێی بەهرەمەند بین ، ئەوانە چون و بون بە بەشێك لە مێژوو (تلك امە قد خلت لها ما کسبت و علیکم ماکتسبتم)

کورد جوانی وتووە هەر بوم بوم حسێب نییە ، هەمە هەمە حسێبە ، شانازی کردن بە رابردوو پێویستە لە سنوری گونجاوی خۆیدا بێ و نەگاتە ئەو ئاساتەی قۆناغی ئێستاو پلان بۆ ئایندەی تێدا فەرامۆش کرێت. راستیەك هەیەو نابێت خۆمانی لێ گێل بکەین ئەویش ئەوەیە ، زۆر جار ئەوانەی رۆچون لە باسکردنی سەروەریەکانی رابردوو هەر لەبازنەی مێژوییدا دەخولێنەوە ، ئێستا لە قۆناغی لاوازی و شکست دان و ناتوانن رۆڵی خۆیان ببینن و بەشدارییەکی کارا لە شارستانێتی هاوچەرخدا بکەن و خاوەنی دەنگ و رەنگی خۆیان بن .

ئەمڕۆ نەتەوەی ئیسلام لە نێو چەندین قەیرانی سیاسی ، ئابوری ، کۆمەڵایەتی ، فەرهەنگیدا دەتلێتەوەو سەروەری رێبەرایەتی لەدەست داوە (کنتم خیر امە اخرجت للناس تامرون بالمعروف و تنهون عن المنکر ...) ال عمران ١١٠

(وکذلك جعلناکم امە وسطا لتکونوا شهداء علی الناس) البقرە ١٤٣ .

جیاوازیەکی بێ ئەندازە هەیە لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا ، رۆژێك کە رەبعی کوڕی عامیر وەك تاکێك لە نێو نەوەیەکی سەرکردەدا بەرامبەر بە رۆستەمی سەرکردەی فارسەکان رادەوەستێ و باسی فەرمان و رۆڵی نەتەوەی ئیسلام دەکات و دەفەرموێت ( إن اللە انبعثنا لنخرج من شاء من عبادە العباد الی عبادە رب العباد ومن ظیق الدنیا الی سعە الدنیا و الاخرە ، ومن جور الادیان الی عدل الاسلام ) .

بەڵێ لەو سەروەری و رێبەرایەتیەی رابردووەوە ، بۆ لاوازی و سستی و ژێر چەپۆکی ئەمڕۆ ، هۆکاری دواکەوتن و لاوازیش بە زۆری لە ئەستۆی موسڵماندایەو ئەوەی ئەمڕۆ بەدی دەکرێت باجی هەڵەو کەمتەرخەمی و ناتەواویەکانە .

لەم سەردەمەدا زۆرجار باسی رۆڵی سەرکردەی ناوازە دەکرێت و خولیای هاتنەکایەی سەرکردەیەکی دڵسۆزو بە تواناو بەهێز حەزو خولیاو خەونی زۆرێك لە موسڵمانانە ، بەو هیوایەی بتوانرێت موسڵمانان لە شکستی و لاوازەوە

بەرەو سەرکەوتن و رابەرایەتی ببرێت .

بەڵام راستیەکی مێژوویی هەیە و نابێت لێی بێ ئاگابین و خۆمانی لێ گێل بکەین ئەویش ئەوەیە سەرکردە هەرچەندە دڵسۆزو بەتواناو بەهرەمەند بێت ناتوانێت بە تەنها رۆڵی پێویست و بەرچاو ببینێت ، گەر نەوەیەکی سەرکردەی دڵسۆزو بەتوانا هاوکارو پشتیوانی نەبێت .

ئەوەتا حەزرەتی موسا ( سلاوی خوای لێ بێت ) یەکێکە لە پێغەمبەرە ( اولی العزم )ە کان ، سەرکردەیەکی کامڵ و بەتواناو هەڵبژاردەیە ، بەلام بە تەنها نەیتوانی بچێتە نێو قودسەوەو رزگاری بکات ، چونکە ئەو پێغەمبەرە ئازیزە نەوەیەکی لاوازو زەلیل و ژێر دەستەی لەبەر دەستدا بوو ، ئەم نەوەیە ئامادەی گۆڕانکاری و تێکۆشان نەبوون و لە وتەکانیاندا بەجوانی دەردەکەوێت ( اذهب انت وربك فقاتلا إنا ها هنا قاعدون ) .

بەلام پێغەمبەری ئازیز محمد (صلى الله عليه وسلم) سەرەتا نەوەیەکی قورئانی بێ وێنەی پەروەردە کرد کە هەریەکەیان سەرکردەیەك بون لەبواری خۆیاندا ، هەر بۆیەش بە فەزڵ و ویستی خوداوەند ئەو هەموو گۆرانکاری و سەرکەوتنانە تۆمارکرا

ئەمرۆش هەنگاوی بەرایی بۆ رابونی ئەم نەتەوەیەو هەستان بە ئەرکی مێژویی و شەرعی سەرشانی ، پەروەردەکردن و دروستکردنی نەوەیەکی سەرکردە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا کە بتوانێت بەشداری کارا بکات لەم قۆناغە هەستیارەی ژیانی مرۆڤایەتیدا ، تا ببنە چرای روناکی لە شەوەزەنگی نەفامی و تاریکی دڵ و دەرون و ویژدانەکاندا .

ماوەتەوە بڵێم باسەکەمان بریتییە لە سەرکردەو نەوەی سەرکردە ، بێ سێ و دووکردن پرسیارێك خۆی قوت دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە پێناسەتان بۆ سەرکردە چییە ؟

ئێمەش زۆر قوڵی ناکەینەوە و دەڵێین ساناترین و سادەترین پێناسە بۆ سەرکردە بریتییە لە ( پرۆسەی جوڵاندن و رابەرایەتی کردن خەڵکی بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو )

پێغەمبەری ئازیز ( صلى الله عليه وسلم ) لەم بارەوە فەرمویەتی (كلكم راع و كلكم مسؤل عن رعيته...) تا کۆتایی فەرمودەکە .

وتەیەکی جوان و بەپێز هەیە دەڵێت (إذا اردت ان تكون إمامي فكن امامي) گەر دەتەوێت پێشەواو سەرکردەم بیت ئەوا پێشەنگ بەو لە پێشەوەم بە.



# ژیان تەواو لەیاری تۆپی پێ دەچێت

وەرگیرانی لەعەرە بییەوە
زرار سەردار محمد

بیرکەرەوە لەگەڵ منداڵیت لەیاریگایەکی تۆپی پێ.چاوەڕێی یارییەك دەكەین لەنێوان دووتیپی ناودارو کۆنی وڵاتەکەماندا.

ئەوە ناوبژیوان فیکەی لێداو یارییەکەدەستی پێکردهەردووولا هێرشدەکەن.هەوڵی گۆڵکردن دەدەن.گۆڵ تۆمارکردن دەستی پێکرد هاندەران وروژان .هەرلایەك دەستیانکردبەهاندانی تیپەکەی خۆیان، یارییەکی زۆر گەرم وبەهێزە.

لەناکاو لایەنگرانی تیپی بەرامبەر هاتنە خوارەوەو گۆلەکەی خۆیان بردەدەرەوەی یاریگا، لایەنگرانی تیپەکەی تریش خۆیان پێنەگیراو ئەوانیش هاتنە خوارەوەو گۆڵکەی خۆیان بردە دەرەوە.

ئێستا یاریگایەکی بێ گۆڵ مایەوە. بەبڕوای ئێوە ئەو یارییە چی بەسەر دیت؟ لەکاتێکدا هەموو شتێك تەواوە بەس گۆڵەکان لابراون.ئایا ئەتوانن ئەو یاریە تەواو بکەن؟ئایا تۆپەکە بۆکوێ بەرن؟ بێگومان دوا جار یارییەکە کۆتای پێدێت.رادەوەستێت.

بیربکەرەوە ژیانی تۆش بێ(ئامانج) بەهەمان شێوەی ئەو یارییەی لێدێت.

١-یاریزانەکە تۆیت.

٢-گۆڵەکان ئامانجەکانی تۆیە لەژیاندا.

٣-تۆپەکەش ئەو هەلانە یە کەدێتە بەردەمت و چۆن دەیقۆزیتەوەو سودیان لێدەبینی بۆ گەیشتن و هێنانەدی بەئامانجەکانت.

٤-ڕوبەری یارێکە ئەو بەهایانەیە کەتۆ دەبێت پابەنبیت پێوەی.وەك:

١-ئەخلاق ورەوشتت.

٢- خونەریتە کۆمەڵایەتییەکان.

٣-بیرو باوەڕت.

کەپێویستە لەسەرت وابەستە بیت پێیانەوەو لێیان لانەدەیت.

٥- کاتی یاریکردنەکە تەمەنی تۆیە.

٦-ڕاهێنەر پەروەردەکەری تۆیە لەژیاندا واتا دایك و باوکتە.

٧-تیپی بەرامبەر کۆسپەکانتن.کەڕووبەڕوت دەبنەوە لەژیاندا.

٨-یاریزانەکانی تری تیپەکەت.هاوڕێکانتن.براتن.هەرمرۆڤیکە کەیارمەتی دەری ژیانتە.

٩-هاندەرانی تیپەکەت. ئەوکەسانەن بەکاری چاکەت دەسخۆشیت لێدەکەن بەخراپەش سەرزەنشتت دەکەن.

١٠-داوەر.ئەوکەسەیەکەلەئاستی هەڵەکانت رادەوەستێنێت وئاگادارت دەکاتەوە.

١١-گەر تۆ گۆڵت تۆمارکرد ئەوە تۆ ئامانجی خۆت بەدەسهێناوە.

١٢-پیش چونە ناویاریگا پێویستە لەسەرت ڕاهێنان و مەشق بکەیت.تایارمەتی دەرت بێت .بۆئەوەی بتوانیت گۆڵ تۆماربکەیت.

١٣-پیش چونە ناویاریگا پێویستە پلان داڕێژی ونەخشە دابنێی بۆ بەدەس هێنانی گە ورە ترین ئامانجت.کەگۆڵ تۆمارکردنە.

هاورێیان ئەمە یارییەکی دنیاییە وشتێکە بۆ حەزو خۆشی و کۆتایی پێدێت.ئەم هەموو داواکارییانەت لێ داوا دەکات وەك:

ئامانج

پلاندانان

ئامادەکاری

ئەی دەبێت ژیانمان ،کەشتێکی قیامەتییە لێپرسینەوەی لەسەر دەکرێت، لای کەسێی موسڵمان داوای چی دەکات و چەندێك خۆمان بۆ ئامادەکردووە، ئایا ئەم ژیان لەپێشتر نییە؟

زیاتری بۆ هەوڵدەین .بۆگەیشتن بەئامانجەکانت و وەسود وەرگرتن لەو هەلانەی کەهاتونەتە بەردەمت وپێویستە پشت بەستین بەهەموئەوانەی کەزیرەك و داناو لێهاتون بۆ ئەوەی ڕێگە نیشاندەرت بن بۆ بەدەست هێنانی ئەم ئامانجەت.

سەرچاوە: ئەکادیمیای عەربی جیهانی بۆ ڕاهێنان و پەرە پێدانی تواناکان (د.محمد مایمون)



ئاریز گۆران

# مامۆستا مارکۆس

## لە زانکۆی جیهان نمونەیەك بۆ مامۆستای هاوچەرخ و مۆدێرن

قوتابیان وا فێر کراون مامۆستا لە زانکۆ و پەیمانگاکان دێت ژوور (مەلزەمە) یەك دەداتە قوتابییەك و دەڵێت بۆ خۆت و هاورێکانت کۆپی ( استساخ ) ی بکەن ، ئەمە کورتەی وانەی ئێمەو مانانە لە وانەیە (ملزەمە) کە (٢٠-٤٠) لاپەرە بێت ، ئینجا لە ماوەی (٢) کاتژمێر تەنها (١٠) خولەك بە پوختی زانیاری دەداتە قوتابیان ، ماوەکەی تر بە کۆمەڵە باس و بابەتێك پڕ دەکاتەوە کە دوور و نزیك پەیوەندی بە باسەکەوە نیە ، ناڵێم هەموو مامۆستایان لە زانکۆ و پەیمانگاکان وان ، بەڵکو لای خۆشمان مامۆستای بە ویژدان و بە توانامان هەیە ، بەڵام بە پەنجەی دەست دێنە هەژمار کردن ، ئەوەی جێگەی باسە لەم بابەتە شێوازی وانە وتنەوەی مامۆستا ( مارکۆس ) ە کە وانەبێژە لە زانکۆی ( جیهان ) لە شاری هەولێر ، بە حوکمی ئەوەی ئەمساڵ یەك کۆرس وانەی کارگێری ئەلیکترۆنی ( E.managerment ) پێ گوتین زۆر سەرسامی کردم ، بە شێوازی فێرکردن و وانە گوتنەوەی بۆیە بە پێویستم زانی بە خێرایی لەم لاپەرە دا ئاماژەیەکی پێبکەم بەو هیوایەیی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و رێکخراوە قوتابی و خوێندکارییەکان هەر کار لە سەر پرۆگرامی خوێندن نەکەن ،بەڵکو بە جدی پرۆژە و پێشنیاریان هەبێت لەسەر شێوازی نوێ وانە وتنەوە و پرسیاری تاقیکردنەوەکانیش .

مامۆستا مارکۆس وانە وتنەوەی چۆنە:

مامۆستا مارکۆس سەرەتا کە دێتە ژوورەوە بە رویەکی زۆر کراوە و دڵخۆش دەم بەخەندە سلاو لە قوتابیان دەکات و ئەحواڵ و تەندروستیان دەپرسێت، هیچ تورەبوون و خۆبەزلزانینی پێوە دیار نیە ، ئینجا لە پەرێکی( A4 ) تەنها نیوەی نوسراوە کە کورتەیەکی پوختی وانەکەی تیایە، هەر قوتابیەك دانەیەکی پێ دەدات، دواتر ماوەی ٢ کاتژمێر زۆر بە زانستیانەو بەشێوازێکی زۆر سەرنج راکێش تەوەرەکانی بابەتەکە راڤە و شرۆڤە دەکات، زۆر سەیرە بە ئینگلیزی قسە دەکات زۆر لە کوردی و عەرەبی جوانتر تێت دەگەیەنێت چونکە بە روخسار و جوڵەی لەشی خۆی تەواو لەگەڵ بابەتەکە کارلێك دەکات بە هەموو توانای خۆی ماندوو دەکات، هیچ جیاوازییەك لە نێوان رەگەزی کوڕ و کچ ناکات، باسی پاڵەوانی و زیرەکی و فەیلەسوفی خۆی ناکات، بە کردەوە خۆی بە هەموو قوتابیان دەناسێنێت، بەراستی زۆر

به ئاسانی بابەتەکەت تێ دەگەیەنێت.

مامۆستا مارکۆس پرسیاری ئەزمونەکانی چۆنە:

لە کاتی ئەزمونەکان پرسیارەکان بە شێوەی هەڵبژاردن دێنێتەوە، و تەنها بیری لێ بکەوە لە چوار وەڵام وەڵامێکی راست هەڵبژێرە، هەندێ خۆت ماندوو بکە، زۆر بە ئاسانی تەواوی نمرە بەدەست دەهێنی، قوتابی پێشان زۆر لە ئەزمون و تاقی کردنەوەی دەترسا مامۆستا چەکی دەستی بۆ ترساندنی قوتابی ئەوەیە خۆتان بگرن ئەزمونەکان لە پێشە !!؟

بەڵام مامۆستا مارکۆس بۆ یەکەمجار فێری کردین ئەزمون تەنها بەشێکە لە هەڵسەنگاندن گرنگ ئەوەیە قوتابی فێربێت و سود وەربگرێت !؟

پێشنیارم بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەردە:

١- بە پەلە شێوازی وانە وتنەوە گۆڕانی بەسەردا بهێنن سود لە ئەزمونی مامۆستا مارکۆس و زانکۆ پێشکەوتووەکانی جیهان وەربگرن.

٢- شێوازی ئەزمونەکان و تاقیکردنەوەکان با بکرێتە هەڵبژاردن و راست و چەوت و قوتابی زیاتر بیر بکاتەوە، نەوەکو پەنا بۆ کاری نادروست ببات ، چونکە بەهۆی خراپی هەندێك لە شێوازی وتنەوەی وانەی مامۆستایان و خراپی شێوازی ئەزموون، هەندێك لە قوتابیان رویان لە قۆپیە و شێوازی نادروست کردۆتەوە.

٣- لیژنەی هەڵسەنگاندن دابنرێت لە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا بە هاوکاری رێکخراوە قوتابی و خوێندکاریەکان بۆ دارشتنی شێوازێکی هاوچەرخ لە وانە وتنەوە و تاقیکردنەوە و مامۆستایان شارەزا و سەرکەوتوو خەڵات و رێزلێنانیان پێ ببەخشرێت.

٤- هەوڵبدرێت زانکۆ ئەهلیەکان زیاتر رەچاوی لایەنی زانستی و توانای مامۆستایان بکەن، تەنها بەچاوی بەرژەوەندی مامۆستایان هەڵنەبژێرن.



# شەڕی جوتیارو ئاغا و خاوەن زەوییەکان پەیوە ندیان بە پەرەپێدانی مرۆیی چیە ؟!

هێرش عبدالقادر مصطفى

ئەمڕۆ لە وڵاتانی پێشکەوتوو پەرەپێدانی مرۆیی لە هەرەمی هەموو وەزارەت و دەستەڵاتە باڵاکاندا بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەی تایبەتمەندی بۆ دامەزراوە ، بۆ نمونە لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پێویستە لە روانگەی پەرەپێدانی مرۆیی ستراتیژێکی نیشتیمانی دابنرێت بۆ دووبارە دیراسە کردنی رەگەزە سەرەکیەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان ( جوتیار ، زەوی ، ئاو ) بەهاو تەریبی لەگەڵ چارەسەرکردنی باڵا و خاوەن دەستەڵات خەریکە زەویە کشتوکاڵیەکانی دەوروبەری پارێزگا و شارەکان هەمووی دەکرێنە ڤێلا و خاوەن زەویەکان واز لە کشتوکاڵ دەهێنن و زەویە گرێبەستە کشتوکاڵیەکان کە موڵکی تەواوی جوتیارەکە نیە بە ئارەزووی خۆی دابەشی دەکات و لەلایەن کەسانێکی دەوڵەمەند و دەست رۆشتوو ( سیم ) دەکرێن و ڤێلا و کۆشك و تەلاری بەرزیان لەسەر دروست دەکرێت ، تا ئەم ساتە وەختە لەگەڵ بوونی بریاری سەرۆکایەتی هەرێم تایبەت بە قەدەغەکردنی زەویە کشتوکاڵیەکان بۆ ئەم جۆرە کارە نەگونجاوانە کە چی ئەم حاڵەتە هەر لە بەردەوامیە و بۆتە دیاردە نە وەزارەتی کشتوکاڵ و نە سەرۆکایەت هەرێم و نەهیچ دامەزراوەیەکی حکومی بەدواداچون و چاودێری بۆ ئەم کێشەیە ناکات ، لە لایەکی تر لە ئەنجامی سستی و لاوازی لیژنەکانی ( تەملیك ) و چارەسەرکردنی گرێبەستە کشتوکاڵیەکان خەریکە رۆژانە جوتیار و هاوڵاتیان لەسەر کێشەی زەوی و زار یەکتری دەکوژن و چەندین قوربانی لێ دروست بووە !؟ بۆیە پێویستە زەوی پڕ لە بەرەکەتی کوردستان لە خزمەتی بەرهەم و ئاوەدانی کوردستان بێت و سنورێك دابنرێت بۆ کێشەی ئاغا و خاوەن زەوی و جوتیاران .



# چۆن ببینە گوێگرێکی سەر کەوتوو؟!

ابراهیم برهان

ئێمەلەوەتەی هەین هەروا فێربووین .زۆرتر قسە بکەین لەوەی کە گوێگربین پێچەوانەی ویستی منالێمان ، مندالّ سەرەتا کە ئەیەوێ بێتە نێودونیای ئاخاوتن گوێ دەگرێ هەولّدەداله شتەکان تێبگات ، پاشان قسەبکات ،پاشان بخوێنێتەوە ،پاشان بنوسێ،تاکەکلیلی سەرکەوتنی پەیوەندیەکانمان لەگەلّ بەرامبەر بریتیە لەوەی کە چۆن سوود لەئامرازەکانی پەیوەندی کردن وەربگرین وەك : قسەکردن ،نووسین، وخوێندنەوەو گوێگرتن،چۆن مامەلّەیان لەگەلّ دابکەین.

یەکێك لەئامرازە هەرە گرنگەکانی پەیوەندی کردن گوێگرتنە،چۆن گرنگی بەبەرامبەرەکەمان بدەین بەهەمووهەست ونەستێکمانەوە لەکاتی قسە کردن، گوێی بۆبگرین گرنگی بەقسەکانی بدەین،ئەوکات هەم خۆمان وهەم بەرامبەرەکەمان بەهۆیەوە ئاسوودەو دوور دەبین لەکێشەو،خۆشەویستی ومتمانەو رێزی بەرامبەر یش بەدەست دێنین .

شاعیر دەلّێ:-

ان بعج القول فن فاجعل الاصغاو فنا

هەندێ قسەکردن هونەرە تۆش بیستن بکە هونەر

بۆیە بۆ ئەوەی ببینە گوێگرێکی سەرکەوتوو ،دەبێ ئەوەبزانین گوێگرتن کارێکی هەروائاسان نیە پێویستیمان بە مەشق وراهێنانە لەسەر هونەری گوێگرتن، باپێغەمبەری خودا(دروودی خوای لە سەربێ) بکەینە سەرمەش ، کە گوێگرێکی باش بووە لەگەلّ خاوخێزانی ،لەگەلّ هاوەلّانی، تەنانەت لەگەلّ بێباوە ڕانیش ، بۆیە ئێمە پێویستە چ لەسەرئاستی تاك چ لەسەرئاستی کۆمەلّ گوێگرێکی باش بین،باوك ودایك لەگەلّ منالّەکانی، منالّەکان لەگەلّ دایك وباوکیان، قوتابی لەگەلّ مامۆستا، مامۆستا لەگەلّ قوتابی بەداخەوە ئێستا تەنها قوتابی گوێگرە ومامۆستا بەردەوام قسەدەکا . پزیشك لەگەلّ نەخۆش ،زۆربەی خەلّکی کەسەردانی پزیشك دەکەن لەبەر ئەوە نیە کەپشکنینیان بۆ بکات بەلّکوو بۆئەوەی گوێیان لێبگرێت ،هەروەها لەسەرئاستی کار لەکاری فەرمانبەری ببینە گوێگرێکی باش .

بۆئەوەی ببین بە گوێگرێکی باش وسەرکەوتوو پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە بەهەند وەربگرین و خۆمان لەو ئاکارانە بپارێزین دەبنە کۆسپ لەبەردەم ئەوەی کە ببینە گوێگرێکی باش :-

یەکەم :- قسەبرین :-لەکاتی قسەکردن لەگەڵ بەرامبەرەکەت قسەکەی مەبرە، بەتاسەوە گوێی بۆبگرە بزانی چیدەوێ هەمیشە واخۆت دەربخە کە گرنگی پێدەدەیت ،چونکە ئەگەر گوێگرێکی باش نەبیت ناتوانی لەبەرامبەرەکەت بگەی زۆربەی گرفتە خێزانیەکان بەهۆی گوێنەگرتنەوە دروست دەبێ .

عەتائی کوری رەباح:- دەفەرموێ کاتێ یەکێك قسەم لەگەڵدەکات ئەوەندە بەتاسەوە گوێی بۆ دەگرم وەك ئەوەی گوێم لێنەبووە ئەگەرچی ئەم قسەیەم گوێ لێ بوە پێش ئەوەی ئەولەدایك بوبێت.

بۆیە نابێ لەبیرت بچێت بەرامبەرەکەشت حەزدەکات راوبۆچون و ئەوەی ناودڵی خۆی بڵێت ،دەڵێن جارێك دووکەس بەیەکەوە قسە دەکەن بەرامبەرەکەی لەکاتی قسەکردنی قسەکانی دەبرێ دەڵێ قسەت بەشەکربێ ئەوها نا ئەوها چەند جارێك ئەمە دووبارە دەکاتەوە دەڵێ قسەت بەشەکربێ کابرالەدواجار پێی دەڵی قسەم بەژەهری ماربێ بەس لێم گەرێ قسەکەم تەواو کەم ،چاکترین چارەسەر یش لەسەرەتا پێی بڵێ ی من بواری تۆدەدەم تاوەکوقسەی خۆت بکەی پاشان تۆش بواری من بدە قسەی خۆم بکەم ئەگینا لێرە دەیوەستێنین چونکە ئەوکەسانەی بوارنادەنە بەرامبەرەکانیان:

- زۆر قسەکانی دەبرێ
- لێناگەرێ قسەکانی تەواوبکات
- سەرکۆنەوتاوانباری دەکات
- هەرلەسەرەتادا رەخنەی لێدەگرێت

دووەم:- وەڵام ئامادەکردن :- لەکاتێك بەرامبەرەکەمان قسەمان بۆ دەکات گوێی بۆبگرین بێئەوەی وەڵامی بۆ ئامادەبکەین.واتە گوێگرتنمان بۆ وەڵامدانەوەی بەرامبەرمان نەبێ بەڵکو بۆ ئەوە گوێی بۆبگرین بزانین چی لەناخدایە دەیەوێ چی بەمن بڵێت لەمێشکی خۆمان وەڵام ئامادەنەکەین .

سێیەم:- تێنەگەیشتن لەرای بەرامبەر شیکردنەوەی بەپێچەوانەی ویستی بەرامبەرەکەت ئەمەش وادەکات هەڵەتێگەیشتن روبدات هەوڵبدە لەوتەکانی بگەی ئەگەر پێویستی کرد پرسیاربکەی بڵێی لەم مەسەلەیە مەبەستت چیە،پاش ئەوەی قسەکەر لەوتەکانی بویەوە وتەکانی کورت بکەوە بڵێ تۆمەبەستت لەوتەکانتا ئەمەو ئەمەبوو ئەوەی لەوتەکانت گەیشتم ئەمانەبوو.

دەی باهەرلەئێستاوە دروشمی (ئەمەوێ ببمە گوێگرێکی ئەکتیڤ وسەرکەوتوو ) ،بەرزبکەینەوە هەروەك چۆن ئاوات بەوە دەخوازین ببینە وتاربێژێکی سەرکەوتوو بەهەمان شێوە ئاوات بخوازین ببین بە گوێگرێکی سەرکەوتوو ،کوری مقفع دەڵێ :- (تعلم حسن الاستماع کما تتعلم حسن الکلام) ئەگەر ئەم دروشمەمان خستەواری جێبەجێکردنەوە لەئاکاروهەڵسوکەوتمان رەنگی دایەوە ئەوکات دەتوانین دڵی بەرامبەر داگیربکەین پردی متمانەدروست بکەین، بەرامبەرەکەم لەگەڵم کراوە بێ راوسەرنجەکانم بەهەند وەردەگرێ،رێگام بۆدەکاتەوە بۆئەوەی چۆن من گوێی بۆ دەگرم ئەویش بەهەمان شێوە گوێم بۆبگرێت، دەتوانی ئەوپەیامەی هەڵت گرتووە بەئاسانی بیگەیەنی، کەواتە گەردەمانەوێ کەسێکی گرنگ وچالاك وسەرکەوتووبین لەنێو کۆمەڵ وکۆمەڵگا دەبێ گرنگی بەبەرامبەریش بدەین(لکی تکون مهما کن مهتما) .

# گرنگی کات له ژیانیقوتابیدا



نووسینی: شوان رابـەر

سەرەتا له سۆنگەیئەوەوە که (کات) رۆڵ و گرنگیو کاریگەریەکیزۆر و بیوێنه و ناوازەی هەیه بەگشتیلەژیانیمرۆڤدا، بەتایبەتیله ژیانیخوێندکاردا ، بۆیه لێرەدا به کورتیله چەند خاڵ و تەوەرێکدا گرنگیئەو بابەته به پێزە له ژیانیقوتابیدا روون دەکەینەوە که هەندێکیژیانیهەموو مرۆڤێکیش دەگرێتەوە

یەکەم / گرنگیکات :- بێگومان کات له ژیانیئادەمیزاد و خوێنکاردا زۆر گرنگه با له هەر ئاست و قۆناغێکیژیان و خوێندندا بیو رۆڵ و کاریگەریەکیزۆری هەیه لەسەر کات و پرۆسەی خوێندنی، چونکه کات تاکه سەرمایه وفاکتەرو دەرفەت و بواریخوێندن و دروست بوون و پێگەیشتن و ئاینده و چاره نووسیقوتابییه ، نەخاسمه بۆ ئەو خوێندکارەی تەنها دەرفەتێکیکەمی له پێشه بۆ خوێندن، چونکه بێگومان خوێندن پانتا و قۆناغ و کاتێکیدیاریکراوی هەیه له ژیانیقوتابی دا ، خۆکەس هەمیشه هەر ناخوێنیو هەموو ژیانیهەر خوێندن نییه ، بەلکو بابا به سوننه و سروشتی ژیان پێویستیبه بژێوی و کار و پێداویستیتر هەیه ، بۆیه پێویسته قوتابی هەمیشه له ماوەی خوێندنیدا ئەوپەڕیگرنگیبه کات بدا و هەمیشه کات بقۆزتەوە و له دەست نەدا ، به جۆرێ ئەوپەڕی گرنگیبه خوێندن و موتالا و خۆ رۆشنبیر کردنی بدات له هەموو کات و قۆناغ و ئاستەکانی ژیانیدا تا بتوانیبه زۆرترین کات و بەباشترین شێوه پێ بگا و فێر بێ، چونکه له ئیسلام و ریالیزمی ژیاندا فێربوون و زانست و زانیاریئەو پەڕی نرخ و بایەخ و ئەرزش و کاریگەری هەیه ، بۆیه ئیسلامیئازیز ئەو پەڕی گرنگیبه کات داوە و به شتێکیگرنگ و پڕ بایەخیوەسف و پیرۆز کردوە ، بەسه که خوای کردگار سوێندی پێ دەخواو دەفەرمووێ: ( والعظر إن الانسان لفی خسر الا الذین امنوا و عملو الصالحات وتواصوا بالحق وتوا صوا بالصبر ) واته : سوێند بەکات و رۆژگار و سەردەم ، هەرچی هەیه له دوا رۆژ دا له زەرەرمەندی دایه تەنها ئەو کەسانه نەبیکه لەژیاند کاتیان بەباشه بەسەر بردووە و کاریچاکیان تیادا کردوە و ئامۆژگاریخەڵکیان کردووە سەبارەت بەریی راست و ئارامگرتن لەسەری، کەواته : دوا رۆژ و چارەنووسیسەرجەم ئینسان و قوتابیان بەنده به کات و کاریچاکه ، کاریچاکه بۆ قوتابیان خوێندن و فێربوونیچاك و کردەوەیچاك و ئارام گرتنه لەسەریتا له دوونیا و دوارۆژ دا ئاکام و چارەنووسیهەوڵ و رەنجیان بەفیرۆ نەڕواو چاك بێ، پێشەوا حەسەن بەنناش دەفەرمووێ( الوقت کالسیف إن لم تقطعه یقطعك ) واته : کات وەکو شمشێری تیژ و برنده وایه ئەگەر نەی بڕی ئەو تۆ دەبڕیو له ناوت دەباو بەسەردەچیت ، چونکه یا ئینسان ژیان به جیدێڵییا ژیان ئینسان جیدێڵێ، گرنگ ئەوەیه کاتێك دێ ئینسانو کات لێك جیا دەبنەوەوکاتی لەدەست دەچێت

،هەروەك خوێندكار و خوێندن هەمیشە ، پێكەوە نابن ، وە زانایانیتر زۆر بەگرنگ و زێرین پێناسەیكاتیان كردوە و لەكاتیخوێندندا گرنگیان بە كات و خوێندن داوە ، پێغەمبەریش ( صلیالله علیه وسلم ) وەكو تاكە پێشەوایمرۆڤایەتیلە رەوتی ژیانیدا زۆر گرنگیبە كات داوە و هەرگیز بە فیرۆینەداوە ، لە قورئانی پیرۆزیش بە دەیان جار وشەی ناویكات بە دارشتەی( عصر ، دهر ، حین ، اجل ) هاتووە ، بۆیە زۆر زەرورە قوتابیزۆر رێز لە ماوەیخوێندنی بگرێو هەرگیزبە فیرۆی نەدا ، چونكە قوتابیبە كات و خوێندن پێدەگا و دروست دەبێو دەبێتە : دانا و زانا و مامۆستا و سەركردە و رێبەر و پرۆفیسۆر و پسپۆر و شارەزا و پێشەوا و پێشەنگ و خاوەن بروانامەو چەندان سیفات و تایبەتمەندیتر و هیواو ئاواتیتری بەدەست دێنێ، بۆیە پێویستە خوێندن وەكو ئامانج و بیر و باوەرِژیانیوەربگرێ بۆ ئەوەی خۆی فێربێو خەڵكیش فێر بكا ، هەروەك پێشەوا ( صلیالله علیه وسلم ) دەفەرمووێ: ( خیركم من تعلم العلم وعلمه ) واتە : باشترین كەستان ئەو كەسەیە كە خۆی فێری زانست و زانیاری بووە و خەڵكیش فێر دەكا ، بۆ ئەوەیلەسەر رۆشنایی ورێنوێنیخەڵكیبكا ، بۆیە دەكرێقوتابیلە دەریایبێبنیزانست و زانیاریدا مەلەوانیبكا و خۆینغرۆ بكا ، چونكە زانست و خوێندن بێكۆتایە هەر وەك خوایگەورە دەفەرمووێ( وفوق كل ذی علم علیم ) واتە : لە سەروویهەموو زانایەك زانایەكیتر هەیە تا دەگاتە خوایتاكە زانا ، وێرایئەوەیخێر و پلە و پایەیزانست و زانیاریو خوێندن و خوێندكار و زانا لە ئیسلامدا لەو پەرِیدایە هەر وەك لە دەیان ئایەت و حەدیسدا باسیئەو پلە و پایە پیرۆزەییدەكەن ، بۆیە ناكرێهەرگیز هەق نییە بەهیچ كلۆجێك قوتابیئەو كات و پلە و پایە پیرۆزە لە دەست خۆ و بە فیرۆیبدا ، بەڵكو دەبێبە هۆیكاتیخوێندنیئەو پەرِی هیوا و ئاوات و بەرهەم و سەرمایەی ژیانیبەدەست بێنێو گەورەترین خزمەت بە مرۆڤایەتیبكا و بە هۆیئەوەوە رەزامەندیخوا و خەڵكیبەدەست بێنێو لە رابردوویپەشیمان نەبێتەوە .

دووەم / كەڵك وەرگرتن لە كات : بەكورتیبۆئەوەی قوتابی لە قوتابخانە و دەرەوە ئەو پەرِی كەڵك لە كات و ژیان وەربگرێو بە فیرۆ نەچێو دروست بێچەند رێنماییەك دەخەینە روو بەڵكو پراكتیك بكرێن تاسودیان لێ وربگرێت .

١- لە خوێندگا دا لە كاتیوانە بەو پەرِی ووردیو هەستیاریەوە تەركیزو گلێرە بكرێت سەر مامۆستا و خوێندن و ، هەرگیز خۆ بەشتیتر خەریك نەكرێ، وانەكان باش بنووسرێتەوە و وەربگیرێت .

٢- هاورِێیەتیكردنیمامۆستا و قوتابیچاك و پێكەوە خوێندن و پرسیاركردن و دەفتەر و كتێب لێوەرگرتن یان .

٣- لە ماڵەوش هەرگیز كات بە فیرۆ نەدرێ بەڵكو بخوێندرێ، زیاد لە خوێندنەكەش موتالآیدەرەكیبكرێ، بەشداریكۆر و خوول بكرێ ، هەرچیدەبێتە مایەیخۆ رۆشنبیركرد بكرێچاكە .

٤- گرنگیدان بە كات و وادەكانیخوێندن ، بێهۆو سوود لەوانەكان دوانەكەوێ، ئەگەر دواكەوتیقەرە بوویان بكەوە .

٥- بروا بە خۆبوون و ورە بەرزیلە خوێندندا ، هیواو ئاواتیزۆر و دوور و بەرزت هەبێ لە خوێندن تا گەورەو دروست بیو بەرز بفرِی .

٦- هەرگیز كات بەسەفەر و پیاسە و خولانەوە و بە شتیبێهودە خەرج نەكا .

٧- سودلەزاناو سەرچاوەی تر وەر بگرە بۆماددەكانت .



# لە نێوان
# سەركردایەتی وكارگێڕیدا

ئومێد مستەفا

زۆرێك لە خەڵكی هە ن كە هە ردوو چە مكی سەركردایە تی وكارگێری تێكەڵ بە یە كتری دە كەن وبەدووروووی یەك دراوی دادە نێن. بە لآم لەڕاستیدا هەردووچە مك بە تە واوی لە یە كتری جیان . لە بە رئە وەی دەكرێ سە ركردە رۆڵی بەرێوبە ریش ببینێت ، كەچی ناگونجێ هەموو بەڕێوەبەرێك بەكەڵكی سەركردە بێت جا لێرەدا بۆ زیاتر ئاشنا بوونمان بەم دوو چەمكە هەوڵدەدەین جیاوازی نێوانیان لەم چەند دێڕەی خوارەوە بەگوشراوی بخەینە ڕوو:

– سەركردایەتی : تەركیز دەخاتە سەر پەیوەندیە مرۆییەكان و بایەخ بەداهاتوو دەدات. بۆیە خۆی لەپرسە لابەلاكان لادەدات و مەگەر ئەوانەی كە جێی گرینگی و بایەحی ئەوبن. هەروەها سەركردایەتی گرینگی دەدات بەتێروانین و ئاراستە ستراتیجیەكان و مومارەسەی ئەو شێوازانەی كەخسلەتی پێشەنگیەتی ڕاهێنانی هەیە دەكات.

– كارگێری : بەپێچەوانەی سەركردایەتی تەركیز دەخاتە سەر دەستكەوت و كارە هەنووكەییەكان ، ئەویش بە بایەخدان بە پێوەرەكان و چارەسەری ئاریشەكان و ڕاپەڕاندنی كارەكان بە شێوەیەكی (دیسپلین) و گرینگیدان بە پەیرەوو پرۆگرام و بەكارهێنانی دەسەلآت، هەروەها گرینگی دەدات بە ئەنجامە هەنووكەییەكان وەكو ئەوەی لەو پلان و نەخشەكان دارێژرابوون تا چەندی لێ جێبەجێ كراوە.

لەڕاستیدا ڕۆڵی هەردووكیان گرینگە ، لەبەر ئەوەی سەركردایەتی بەبێ كارگێری وامان لێدەكات كەتەنها لەجیهانی نەخشەوپلان بۆ داهاتوو لەشوێنی خۆی بخولێتەوە ، لەگەڵ فەرامۆش كردنی ئەودەستكەوە دەماودەمیانەی كە پێویستمان پێی هەیە تاوەكو بگەین بەئامانجە دوارۆژیەكانمان.

كەچی كارگێری بەبێ سەركردایەتی دەمانخاتە ژێرباری ئەوەی كە تەنها ئالودەی كێشەو گرفتە ڕۆژانیەكان ببین بەجۆرێك هیچ بوارێكمان بۆ نەهێلێتەوە بۆ ئەوەی بیر كردنەوە تێدا بكەین و نەخشە بۆ سبەی دابڕێژین ئەمەش بۆخۆی لە ئامانجە دوورمەوداكان دوورمان دەخاتەوە، پەیوەستبوونمان بە بنەماو بەها بەرزەكان، جا لەبەرەنجامی زێدەڕۆیی كردنمان بەدەستكەوت ڕێنمایی و كارنامەكان، وادەكات ئەوە لەبیركەین كە ئێمە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤێك دەكەین كە لەكۆمەڵێك هەست و ماف و پێداویستی تایبەتەوە بەخۆی پێك هاتووە و كەمترین بێ ئاگایی لەبەرامبەریاندا گەورەترین زیان بەبەرژەوەندیەكانی دەگەیێنێت، ئەمەش سەرچاوە گرتووی ئەو بایەخەیە كەئەمرۆ لەزانستی پەرە پێدانی مرۆیی( بایەخدان بەمرۆڤ ) پانتاییەكی فراوانی داگیركردووە.



دەشتی دزەیی

# جوتیارو ئەسپەکەی

رۆژێکیان ئەسپی جوتیارێك کەوتە ناو بیرێکی قوڵی ووشك لە ئاو .

ئەسپەکە دەستی کرد بە حیلاندن بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو .جوتیارەکە بیری دەکردەوە کە چۆن ئەسپەکە لەم بارودۆخە رزگاربکات، لەکۆتایی دا بۆی روون بۆوە لەرزگارکردنی ئەسپە پیرەکە تێچوی زۆر لەوە زیاترە لەکرینی ئەسپێکی تر .

لەپاڵ ئەوەی ماوەیەکی زۆرە بیرەکە ووشك بووە پێویستی بەپرکردنەوە هەیە بەهەرشێوەیەك بێت ، جوتیارەکە هانای برد بۆ دراوسێیەکانی بۆیارمەتی دانی لەپرکردنەوەی بیرەکە بۆجارەسەرکردنی دووکێشە لەیەك کاتدا .

یەکەم : رزگاربوون لەم بیرەکۆنە ووشکە .

دووەم: کۆتایی هێنان بە ژیانی ئەسپە پیرەکەی کە توانانی پێشکەش کردنی خزمەتی نەماوە بە خاوەنەکەی .

هەمووکۆبوونەوە بۆپرکردنەوەی ئەم بیرە .

ئەسپەکەش درکی کرد بەوەی کەخاوەنەکەی لێی بێزار بووە لەگەڵ پرکردنەوەی بیرەکە ئەویش لەناوبیات .

لەناکاو ئەسپەکە بەدەنگێکی بەرز حیلاندی هاوارەکەی پڕ بوو لە ئازارو سکاڵا بەرامبەر ئەو هەموو خزمەتەی پێشکەشی خاوەنەکەی کردووە ئەمیش بەم شێوەیە پاداشتی ئەداتەوە .

لەپڕ ئەسپەکە دەنکی نەما و هەموولایەك سەرسام بوون بەنەمانی دەنگی .

جوتیارەکە سەیری ناو بیرەکەی کرد بینی ئەسپەکە خەریکی هەوڵدانە بۆ رزگاربوون لەم خۆڵەی ئەخرێتە سەر پشتی وە فرێدانی بۆ ژێر پێیەکانی ململانێ ی دەکرد لەنێوان مەرگ وژیاندا .

جوتیارەکە بەردەوام بوو لە پرکردنەوەی بیرەکە و ئەسپەکەش بەپێچەوانەوە بەردەوام بوو لە هەوڵدان بۆ خۆڕزگار کردن لەمەرگ .

ئەسپەکە هەستی کرد ئاستی خۆڵەکە نزیك بۆوتەوە لە لێواری بیرەکە بە بازدنێکی ئاسان توانی دەربازبێت لە بیرەکە وله مەرگێکی ڕاستەقینە کەخاوەنەکەی بۆی دارێشتبوو.

هەموومان رۆژانە لەژیانماندا گرفتی جۆراوجۆر بەهەموو قورساییەکەوە لە دەرگامان دەدات هەرچەندە هەوڵبدەین بۆ لەبیرکردنی بەڵام ئەو قەد لەبیرمان ناکات و بەرۆکمان بەرنادات .

هەمووکێشەیەك کەروو بە روومان دەبێتەوە لەژیانماندا هەروەك ئەم خۆڵەیە دەبێت لەسەر پشتمان لای بدەین هەنگاوبەهەنگاو زاڵ بین بەسەری دا تابگەین بەئامانجەکانمان .

لەهەنگاونان بەرەوسەرکەوتن مەوەستە سەرەرای لەگۆڕنانت بەزیندوویی ، ژیانت زۆر بە سانایی وەرگرە زۆر ببەخشەو کەم وەرگرە لەچاوەڕوانی قورسی ژیانت بە ، دلێنابە وپشتت بە خودا ببەستە.

* ساڵی 2009 ،هایەر 5.1٪ی بازاڕی بۆخۆی دەستەبەرکرد، بەمەش
وەك براندی ژمارە یەك هەژمارکرا.

* دوای 26 ساڵ لە دامەزراندنی هایەر، لە هەر خولەکێکدا
نزیکەی 8 بەفرگری هایەر دەچێتە ماڵەکانەوە لە هەموو جیهاندا .

* بەفرگری دوو دەرگای هایەر ساڵی 2010 زۆرترین ڕێژەی لێ فرۆشراوە لە
ئەلمانیاو ئیسپانیا، بەمەش پێشەنگی سەرجەم براندەکانی جیهانی گرتە دەست.

* ساڵی 2009، هایەر داواکاری بۆ 943 بڕوانامەی داهێنان تۆمارکرد، ئەمەش
دەکاتە نزیکەی دوو بڕوانامە لە هەر ڕۆژێکی کارکردندا لەو ساڵە .

* هایەر یەکێکە لە بەشدار بووەکانی بەدەستهێنانی 23 ستانداردی
جیهانی و ئەندامی کۆمسیۆنی ئەلیکترۆنی
نێودەوڵەتیە .

# Haier

## ژیانێکی ئەفسوناوی

* 29 کارگەی بەرهەمهێنان .
* 16 یەکەی پیشەسازی .
* 8 سەنتەری توێژینەوە و پەرەپێدان .
* 19 کۆمپانیای بازرگانی .
* 80 , 990 یەکەی فرۆشتن .


Haier
INSPIRED LIVING
لاپتۆپ
58$ پێشەکی و مانگانە
تەلەفزیۆن
40$ پێشەکی و مانگانە
جلشۆر
35$ پێشەکی و مانگانە
سپلیت
33$ پێشەکی و مانگانە
قاپ شۆر
40$ پێشەکی و مانگانە
موجەمیدە
26$ پێشەکی و مانگانە
بەفرگر
48$ پێشەکی و مانگانە
تەباخ
52$ پێشەکی و مانگانە
ناونیشان: هەولێر- 100مەتری- بەرامبەر گۆڕستانی شێخ ئەحمەد 0750 397 5757 - 0750 428 6868 - 0750 135 0909
دهۆك: 0750 722 2244 رانیە: 0750 383 5883 سۆران: 0750 448 5195 سلێمانی: 0771 151 2422
هەریر: 0750 466 4881 کۆیە: 0750 156 7311 ڕەواندوز: 0750 497 2959 زاخۆ: 0750 156 7311



عبدالقهار بلێاس

ئەڵقەی دووەم

# ترسان لەشکست !!!

ترسان یەکێکەلەدیارترین ئەو نیشانانەی کەیارمەتیدەرەبۆ بلاو بوونەوەی ڤایرۆسی (بەدواخستن) بەخێرایی، لەبەر ئەوەی کاتێك مرۆڤ کارەکەی ئەنجام نادات، یان ڕۆژ بەدوای ڕۆژ دوایدەخات، لەڕاستیدا بۆ پارێزگاری کردنەلەخۆی، ئەگەر هەوڵیش نەدات ئەوا بێگومان تووشی شکست نابێت، لەهەمان کاتدا ناتوانێت هیچ سەرکەوتنێك بەدەست بێنێت، بۆیە پێویستەئاگاداری ئەو خاڵەبین.

بێگومان شکستهێنان لەبارودۆخێکی ڕابردوو مانای ئەوە نیە کەدووبارەشکست دەهێنین، لەبەر ئەوەی ژیان بەردەوام لەگۆڕانکاریدایە، بۆیە پێویستە سەیری هەڵەکانی ڕابردوو بکەین وەکو سەرچاوەیەکی گرنگ و زۆر بەنرخ، پێویستە ئەم پەندە بهێنینەوەیادی خۆمان کەدەڵێت:(ترس و شەرمەزاری نیەلەساتمەکردنی بەرد) بەڵام ئەوەی جێگای ترس و شەرمەزاری بێت دووبارەساتمەکردن و کەوتنەبەسەر هەمان بەردا.

زیانەئاشکراکانی بەدواخستن:

١- ترسناکترین کارێکەبۆ بەفیڕۆدانی کات.

٢- پلانەکەت لەڕێڕەوی خۆی پێلادەدات.

٣- کار بەسەر یەك کەڵەکەدەکات.

٤- لەسەرکەوتن بێبەشت دەکات، بەجۆرێك ئێمەزیاتر ئەو کارانەدوا دەخەین کەگرانن.. بەماندوو بوونن.. خۆشەویست نین لەلامان.

کەواتەئێستا لەوانەیە پرسیارێك لەلامان گەڵاڵەبێت کەئایا ئەو هۆکارەی هاندەرمانە بۆ بەدواخستن و بیانوو دۆزینەوە چیە لەکاتێکدا زانیمان ئەو هەموو زیانەی بەدوای خۆیدا دەهێنێت..؟ ئایا چی وامان لێدەکات کارەگرنگەکان دوا بخەین کەلەوانەیە گۆڕانکاری گەورەلەژیانمان دروست بکەن..؟ بۆ نموونە لەبەر چی ناخوێنین لەکاتێکدا دەزانین وەرگیران لەزانکۆ پێویستی بەنمرەی بەرز هەیەو ئارەزووشمانە تیایاندا وەربگیرێین..؟!

بۆچی کار بەدوا دەخەین و بیانوو دەدۆزینەوە؟

هۆکاری زۆر هەن کەهانمان دەدات بۆ ئەمە، لەوانە:

١- تەمبەڵی: کاتێك بەخۆت دەڵێی (من ئێستا ئامادەنیم بۆ

ئەنجامدانی ئەم کارە)، کەواتەبۆچی دوای نەخەم؟!

٢- کارەنەخوازراوەکان هانی مرۆڤ دەدەن بۆ بەدواخستن، کەئەمەبەربلاوترین هۆکارە.

٣- ترس لەنادیار، هەر کارێك دەکەویتەئەستۆمان بەنادیار دایدەنێین ئەگەر هاتوو دەستمان پێنەکرد، بەڵام کەدەستمان پێکرد ترس و دڵەڕاوکێ نامێنێت.

٤- چاوەڕێ کردنی کاتی خۆشی و داهێنان کەئەویش لەخۆوە نایەت تاوەکو دەست بەئەنجامدانی نەکەین و بەدوای نەگەڕێین.

٥- کارەسەخت و گەورەکان هانی مرۆڤی کەمتەرخەم دەدات کەدەستبەرداری بێت هەرچەند کاتی زیاتریشی لەبەر دەم بێت بۆ ئەنجامدانی.

٦- دوو دڵی و ئارەزووی ناچاری وا لەمرۆڤەکان دەکات بەردەوام پێکراو بن.

٧- ترس لەهەڵە.

٨- گەڕان بەدوای بەرهەمێکی ڕەها و ناوازە.. کەئەویش بەدی نایەت.

چۆن کار بەدواخستن و کەمتەرخەمی بنەبڕ بکەین؟

گرنگی دیاری کردنی ئامانج:

ئاسانترین ڕێگا بۆ چارەسەر کردنی بەدواخستن ئەوەیەکەهەر لەبنەڕەتەوەڕێگری لەسەر هەڵدانی بکەین، بەڵام ئایا چی بکەین ئەگەر هاتوو خۆی خزاندە نێو ژیانمان؟

کەسانی سەرکەوتوو لەژیان ئەوانەن کەبەڕوونی و سانایی لەبارەی ئامانجەکانیان دەدوێن، بەمەش دەکرێت زۆر بەخێرایی پێیان بگەن لەبەر ئەوەی ئامانجەکانیان بەشێوەیەکی ورد و بەدوای یەك ڕیزکراو دیاری کردووە، بەمشێوەیە میکانیزمی گەیشتن بەئامانجەکانیان لەسەر ڕێڕەوی خۆی دەڕوات خێراتر لەوەی بیری لێ دەکەینەوە.

بۆ ئەوەی ئامانجەکانمان بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوەدیاری بکەین، پێویستە لەم پرسیارانەبڕوانین:

ئامانجەکانمان چین؟ نموونەلەسەر ئەمە، من دەمەوێت کۆ نمرەیەکی بەرز بەدەست بێنم بۆ ئەوەی بتوانم لەزانکۆ وەربگیرێم بەو پسپۆرییەی کەمەبەستمە ئەویش ئەندازەی کۆمپیوتەرە.

- ئایا بەڕاستی ئارەزوو دەکەین ئەو ئامانجەدەستەبەر بکەین؟....ئایا من بەڕاستی لەهەوڵی ئەوەدام کەکۆ نمرەیەکی بەرز بەدەست بێنم؟

- ئایا لەهەموو ڕۆژێك یاخود هەفتەیەك چەند کات پێویستەبۆ هێنانەدی ئامانجەکانمان؟....چەند کاتژمێر بەسەر دەبەم بەدیار خوێندنی وانەکان و شیکاری ئەرکەکان.

ئایا ئێمەشایەنی ئەوەین ئامانجەکانمان بهێنینەدی؟.... ئایا من توانام هەیەبۆ کارکردن بەمەبەستی هێنانەدی ئەو ئامانجە؟ ئایا من دەتوانم بەردەوام بم لەسەر چاودێری کردنی وانەکانم بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنم؟ ئەوەشت لەیاد بێت کەتوانایەکی ئەوتۆت هەیەبۆ گەیشتن بەئامانجەکەت بەدەر لەوەی بیری لێدەکەیتەوەو پێشبینی دەکەیت.

ئایا ترس یاخود پەشۆکاوی لەجێبەجێکردنی بەشێك لەپلانەکانمان بۆ گەیشتن بەئامانجەکانمان شپرزەی کردووین؟ «....بەشێك لەکاروبارەبیرکاری یاخود فیزیاوی ... لێی تێناگەم. من ترسێکی زۆرم هەیەو دووچاری لەشۆکاوی دەبم لەهۆڵی تاقیکردنەوەکان... لەهەمان کاتدا دایك و باوکم دەیانەوێت لەکۆلێژی پزیشکی وەرگیریم، ئەمانەهەمووی ڕووبەڕووی ترسم دەکەنەوە.

ئایا ئەو کۆسپە گەورانەی ڕێگرن لەبەردەم هێنانەدی ئامانجەکانمان چین؟ .. کەئەویش لەکەسێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، بەڵام بەزۆری کۆسپ و تەگەرەکان ناوەکییەو لەخودی کەسەکەیاخود ناو دەزگاکە هەڵدەقوڵێت.

ئایا ئێمەئامادەین هەموو هێز و توانەیەکمان بخەینەگەڕ بۆ دەرباز بوون لەم تەگەرەیە؟ ئەگەر وەڵامەکەی بەنەخێرە.. ئەوا پرسیارێکی تر دەخەینەڕوو .. ئایا بەڕاستی ئارەزوو دەکەین لەگەیشتن بەم ئامانجە؟ ئەگەر دیسان وەڵامەکەی بەنەخێرەئەو کات ئامۆژگاریم ئەوەیەکەبەهیچ شێوەیەك کات بەفیڕۆ نەدرێت و ئامانجێکی تر دیاری بکرێت...

بۆ نموونەهەندێجار وا دەبێت کەئێمەئەو ئامانجەهەڵدەبژێرین کەباشترین و نموونەییە نەوەکو ئامانجێك بێت کەشیاوی توانای کەسی یاخود دەزگاکەبێت....

جا هەڵبژاردنی ئامانجێکی تر نەك هەر پرۆژەیەکە، بەڵکو ئەوپەڕی زیرەکییە، لەبەر ئەوەی بەهۆیەوەکات و وزەمان دەست دەکەوێت.. جا پێویستەدەستبەجێهەڵسین بەئەنجامدانی کارەکەمان.

٢- بەدواخستن بنەبڕ بکە:

دوای ئەوەی ئامانجەکانمان دیاری کرد پێویستەڕاستەوخۆ بیر لەجێبەجێکردنیان بکەینەوە

جا لێرەدا توانای مرۆڤ دەردەکەوێت لەسەر بیانوو دۆزینەوە.. خراپترین شت کەمیکانیزمی بیانوو دۆزینەوەپێی جیا بکرێتەوەئەوەیە ئێمە لەسەرو بەندی بیانوو دروستکرنەکەسەرەتا هەوڵ دەدەین کەوای نیشان بدەین ئەمەڕاستەقینەیە، بێگومان ئەمەش ئامرازێکی ئاسایی و خۆکاریە بۆ بەرگری کردن لەخود لەکاتێك هێزی شاراوەمان فەرمانمان پێدەکات کەنموونەیی بین، لەهەمان کاتدا ئەقڵی ناوەکیمان زۆر بەلێهاتوویی بیانوو دەدۆزێتەوە، ئایا چۆن بتوانین لەمیکانیزمی بیانوو هەڵبەستن خۆمان دەرباز

بکەین؟؟

بەم هەنگاوانەی خوارەوەدەتوانی ئەو کارەئەنجام بدەی:

– دانانی کاتێکی دیاری کراو بۆ کۆتایی هێنانی هەر کارێك.

– پەیمان لەخۆت وەرگرەو بەخۆت بڵێکەبەهیچ شێوەیەك بیانوو نادۆزمەوەبۆ دواخستنی کارەکان.

– پەیمان ببەستەلەگەڵ خۆت کەلەشوێنی خۆت - هەڵنەسیت هەتاکو لەو بەشەی کارەکەت تەواو نەبێت کەبۆ ئەمرۆ بڕیارت لەسەر داوە.

– فۆڕمێك ئامادەبکەبۆ ئەو کارانەی کەبەردەوام دوایان دەخەی... ئەم فۆرمەشی بکەوە... تێبینی هەبوونی شێوازێکی دیاری کراو لەم کارانەبکە.

– وردی خۆت بەرز بکەوەو لەخۆت بپرسە.. ئەو گرفتانە چییە کەخۆم بۆ خۆم دروست کردووەکاتێك ئەم کارەدوا دەخەم؟ ئەم گرفتانەلەفۆرمەکەتۆمار بکە.. جا ئێستا ئامادەی لەنێو ئەم هەموو گرفتانەبژی؟.. پاڵنەرێك بۆ خۆت دروست بکەبۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکەت..لەکۆتایی کارەکەپاداشتێك بۆ خۆت ئامادەبکە بۆ نموونە مۆڵەتێکی دیاری کراو، یان هەر شتێك کەحەزی پێدەکەی.

باشترین ڕێگا بۆ مامەڵەکرد لەگەڵ ئەو کارانەی بەردەوام دوایان دەخەی ئەوەیە کەڕاستەوخۆ دەستی پێبکەیت.

لەکۆتاییدا دوو دڵ مەبەو بزانەکەئەنجامدانی چەند کارێکی پوخت باشترە لەهەوڵی جێبەجێکردنی یەك کاری نموونەیی... هەروەها ئەم پەندەت بەردەوام لەیاد بێت کەدەڵێت:

کاری ئەمرۆ مەخەرەسبەی» جا کەواتەئێستا دەست بەکارەکەم دەکەم.

سەرچاوە: لەئینتەرنێت

وەگێڕدراوتەسەر زمانی کوردی



# ڕۆژگار فێری کردم

**شەماڵ موفتی**

١) ئازادی نادرێ ، بەڵکو وەردەگیرێت .

٢) هەمیشە پشت ئەستوربم بە (تەوەکولبوون) لەسەر خوای بالادەست.

٣) متمانە بە کەس نەکەم بەلام ڕێز لە هەمو کەسێ بگرم.

٤) دڵم هۆگری کەس نەکەم، چونکە پاش ماوەیەك ، یان جێم ئەهێڵێ یان جێی ئەهێڵم.

٥) خەفەت نەخۆم بۆ لەدەست دەرچووی دونیا .

٦) گەڕانەوە بۆ لای خوا و ئیعلانی پەشیمانبون لە خراپەکانم، خەموو مەراقم ئەڕەوێنێتەوە.

٧) ڕازیکردنی هەمو خەڵك ، کارێکی مەحاڵە.

٨) ئەگەر ( ئەمانەت ) نەچێنی لە دڵی خەڵکا، ناتوانی ( متمانە ) بدرویتەوە.

٩) دوای هەمو نارەحەتییەك دەرگای ئاسانکاری دەکرێتەوە.

١٠) هەڵەی خەڵك نەژمێرم ، بەڵکو سوودیان لێ وەرگرم و دوپاتیان نەکەمەوە.

و : شەیما یاسین

# پشووی برەو



د. ڕێدار محەمەد ئەمین
پسپۆری نەخۆشیە دەروونیەکان
redar_moh@yahoo.com

# خانەنشینان، چینێکی زیندوو، بەڵام فەرامۆشکراو

خانەنشینان، ئەو چینەی کۆمەڵن، کەتا ئێستا وەك پێویست باسیان لێنەکراوە وە، لەخۆزگەو خەم و ئازارەکانیان نەکۆڵراوەتەوە، لەگەڵ زیاد بوونی ژمارەشیان پێویستە حکومەت گرنگێکی تایبەتیان پێبدات، ئەمەلەکاتێکا دەبینین هەموو ئاراستەو بەرنامەیەك بەرەو گەنج دەڕوات. لەرادیۆو تەلەفزیون ڕۆژنامەکان بگرە، تا سەنتەر و شوێنە کۆمەڵایەتیەکانیش کەچی شوێنێك نادۆزیتەوە باس لەخانەنشینان بکات و خەم و ئازارەکان، یان خۆزگەو هیواکانیان بخاتەڕوو وەك بڵێی ئەمان چینێکن لەژیان کۆتاییان هاتوەو چاوەڕێی مەرگ دەکەن! گەیشتن بەقۆناغی خانەنشینیش یەکێکە لەسەختترین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ و زۆرترین کاریگەر دەروونی و جەستەیی هەیە، پاش خانەنشین کردنیش، هەست دەکات کەتواناکانی بۆ وەبەر هێنان نەماوەو لەحیاتی بەخشین، بۆتە قورسایی بەسەر کۆمەڵگەوە، لەڕاستیدا ووشەی خانەنیشین کاریگەریەکی دەروونی زۆر هەیە بەسەر خانەنشینانەوە، کەوا ماناکەی بریتیە لەدانیشتن لەماڵەوە بەمەش پەیامێك بەخانەنشینان دەدەین، کەوا ژیان کۆتایی هاتووەو باچاوەڕێی نەخۆشی یان مردن بکەن، ئەمەلەکاتێکدا خانەنشینی بەمانای کۆتایی کار نایەت، بەڵکو وازهێنان لەو پیشەیە کەدەیکات، چونکەئەو دەتوانێت وەك هەر مرۆڤێکی تری ئاسایی کار بکات و بەرو بوومی بێت، لەڕاستیدا خانەنشینی گرفتی سەردەمی تەکنولوژیایە، چونکەپیری جاران نەیدەزانی پشودان و ماندوو بوون چیە، بەڵام چونکەئێستا شتێك هەیە بەناوی خانەنشین و لەسەرەتای تەمەنی ٦٠ ساڵیەوە دەست پێدەکات، ئەوا خۆی لەسەر ئەوەڕادە هێنێت کەپاشی ئەم تەمەنە لەماڵ دابنیشێت و هیچ بەرهەمی نەبێت، ئێستاش کاتی ئەوەهاتوە ئاوڕێك لەم چینە لەبیرکراوەی کۆمەڵ بدرێتەوە، کەوا ڕۆژ دوای ڕۆژ ژمارەیان زیاد دەکات و گرفتی دەروون و کۆمەڵایەتی و مادیان زۆرتر دەبێت، بەهۆی فەرامۆشکردنیان لەلایەن حکومەت و کۆمەڵگاوە، ئەمەش وایکردوە، کەزۆر بەیان ئەم قۆناغەیان لاپەسند نەبێت چونکەهەموو دەرگاکان بەروویاندا دادەخرێ، تەنیا مردن نەبێت،

- ئاکامەخراپەکانی خانەنشین..

مرۆڤی کۆن لەسەری بوو کار بکات تا ئەو ڕۆژەی دەکەوێتەوە ناو جێگا یان بەخاك دەسپێردرێ، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و سەرهەڵدانی کۆمەڵگای پیشەسازی و پێشکەوتنی زانستی، خانەنشین کردنی پیران بووەکارێکی حەتمی، ئەویش بۆ ڕ□اگرتنی هاوسەنگی بۆ ئەو کارگەرو فەرمانبەرە گەنجانەی بەدوای دەرفەتی کار دەگەڕێن و، ڕزگارکردنیان لەدەست بێکاری،ئەمەش زور جاران بەدڵی فەرمانبەر و

کارگەرەبەتەمەنەکان نەدەبوو، کەوا لەلوتکەی داهێنان و وەبەر هێنان نا چار دەکران واز لە کار بهێنن ،چونکەئەمەهەر تەنها واز هێنان نیە لەکار، بەڵکو واز هێنانە لەدەسەڵات و پلەو پایە و ژینگەی کۆمەڵایەتی و، باوەشکردنەبە نەخۆشی دەروونی و جەستەیی ورۆیشتنە بەرەو مردنێکی هێواش لەمەشدا پیرەکانی پێشتر بەختەوەرتر بوون چونکەهیچ یەکێك لەمانەیان لەدەست نەدەدا. لەگەڵ ئەمەشدا خانەنشینی چەند ئاکامێکی تری خراپی هەیە لەوانەش.

١) زۆریان ئەمە بەیادەوەرێکی تاڵ دادەنێن، بەتایبەتی وازهێنان و دوور کەتنەوەلەو هاورێیانەی کەتەمەنێیکی زۆر پێکەوە بوونەو باوەڕناکەن ئاوا بەئاسانی دەستبەردای ئەو بن، لەکاتێیدا هەموو تەمەنی گەنجایەتی و کاتی خۆی بۆ ئەم کارە تەرخان کردووە.

٢) هەستکردن بەپیربوون و لاوازی جەستەیی و کەمبونەوەی چالایەك. هەروەها هەستکردن بەوەی کەئەو شتێکی زیادەیە توانای وەبەرهێنانی نیە وەدەبێت چاوەڕوانی مردن بێت.

٣) گۆشەگیربوون لەژووروەوە دانیشتن بۆ سەیرکردن کەناڵە ئاسمانیەکان کەزۆربەی کاتی تیا بەسەر دەبات و تەنها کاری دەستگرتنەبە(ریموت کونترۆڵ)

٤) بەهۆی سست بوون و کەم جولان، ئەگەری تووشبونی بەچەندین نەخۆشی درێژخایەنی وەك نەخۆشی دڵ و خوێنبەرەکان و شەکرەو روماتیزم هەیە، هەروەها زیاتر ئەگەری تووشبون بەنەخۆشیە دەروونیەکان هەیە وەك خەمۆکی و دڵەراوکی و ترسی لەدەست دانی خێزان و هاورێ و ترسی هەژاری و مردن

٥) زۆربەیان نازانن لەکوێ کات بەسەر ببەن ئەمەلەکاتێکدا ،رەنگەتەمەنی خانەنشینی چارەك یان سێیەکی تەمەنی بێت(بۆ نموونەلیاوێك لەتەمەنی ٦٠ ساڵیەوە خانەنیشین بێت و ئێستا تەمەنی ٨٠ ساڵ بێت)، پێشتر وەها ڕاهاتبوو بەیانیان زوو لەخەو هەڵسێت و بچێتە سەر کار، بەلام ئێستا دەبێت لەماڵ دانیشێت، زۆر جاریش دەبێتە مایەی بێزاری کەسانی دەورو بەر،بۆیە هەست بەنامۆی دەکات، بەبێ هیچ مەبەست و ئامانجێك دەچێتە بازار یانیش لەچاپخانەکان کات دەکوژێت بەلام ئەمانە هیچ لەو هەست کردنەی بەبۆشایی ژیان کەم نا کاتەوە،بۆیە زۆر بەهێواشی کات لای دەڕوات

- لایەنە باشەکانی خانەنشین

ئەگەرچی خانەنشین ئاکامی خراپی لەزۆر لایەنەوە بەسەر جەستەی خانەنشینانەوە هەیە،لە گەڵ ئەمەش چەندین لایەنی باشی تێدایە، کەوا لەسەر هەر خانەنشینێك پێیویستە بەکاریان بهێنی و پەیرووەویان بکات تاکو لەو بازنەی تەسکەدەربچێت کەوا پێی وایە بەرەو مردنی دەبات. لەمانەش

١) هەندێك لەخانەنشینان پێیانوایە، کەئێستا کاتی ئەمەهاتووەگرنگی بەخێزانەکانیان بدەن، پاش ئەوەی ساڵانێکی زۆر بەهۆی سەرقاڵی لەکار فەرامۆشیان کردبوون و سەردانی خزمو کەسانیان بکەن و گەشت ئەنجامبدەن، هەروەها زیاتر چاودێری خوێندنی مندالەکانیان بکەن

٢) ڕەنگە تەمەنی خانەنشینی ساڵانێکی زۆر بێت، ئەمەش دەرفەتی زیاتریان دەداتێ، کەدووبارەژیانی خۆیان ڕێکبخەنەوە و هەندێك کار بکەن یان ئارەزوو ئەنجام بدەن پێشتر بەهۆی کەمی ماوەنە یانتوانیوە ئەنجامی بدەن،وەك نووسین و نیگار کێشان، دانیشتن بەتەنیا و دووبارەهەلسەنگانەوەی توانایەکانیان،پاش تەمەنێکی زۆر لەملمڵانێی ژیان، هەروەها نووسینەوەی یادگاریەکان یان وانەووتنەوەبۆ سوود وەرگرتنی نەوەی نوێ لەشارەزایی ئەزموونی ئەوان .



# چیرۆکی دەوڵەمەندێکی ڕەزیل و پیسکە

بەڕێوبەری نوسین

ئەم چیرۆکە واقعیە و دەریدەخات کە هەندێك لە دەوڵەمەندەکانی کوردستان چەنید هۆکار بەکار دەهێنن بۆ خواردنی مافی کرێکار و هەژاران و بێ بەش کردنیان لە پاداشت و حەق دەستی رۆژانەی خۆیان . برادەرێکم بۆ گێڕامەوە گوتی کرێکاریم بۆ دەوڵەمەندێك دەکر کە کاری بەڵێندەرایەتی ( مقاولاتی ) ئەنجامدەدا ، بەڵام سەرەڕای ئەوەی زۆر هەبوون و دەوڵەمەند بوو کەچی چەندەها جۆر فێڵ و درۆ و کلاواتی بەرامبەر وەستا و کرێکارەکان ئەنجامدەدا !؟ ئەگەر ۳۰ رۆژ ئیشی بە کرێکاربکرادیە پارەی ۱۰-۱۵ رۆژی بەکرێکار و وەستاکان دەدا بە بیانووی ئەوەی ( سلفەی ) وەرنەگرتووە ، حکومەت پارەی دواخستووە یان زەرەری کردووە !؟ ئەم دەوڵەمەندە زۆر پیسکەیە وزۆر ریاباز قسەزل و فێڵباز بوو ، بەردەوام لە رواڵەت و روخساری دەرەوەی لە کۆڕ و مەجلیسەکان خۆی بە کابرایەکی هەژار ویست و خێرخواز پیشان دەدا و خەڵکی هەژاری پێ چەواشە دەکرد ، بۆ نمونە لە کاتی مانگی مەولود ( مەولودێکی دەکرد ) هەندێك رەفتاری ساختەی دەکرد ، گوایە دونیا نەویستە ، بەم جۆرە سەداها دەفتەر دۆلاری کۆ کردووە !؟ بەڵام ئەوەی چاوەڕوانی نەدەکرد روبدات رویدا !؟ لە پرێك نەخۆش کەوت و بردیانە لای پزیشك لە دوا پشکنین و وەرگرتنی خۆێن بۆ تاقیگە دەرکەوت کە نەخۆشی (شێرپەنجەی خوێنی) گرتووە !؟ ئەم برادەر کرێکارە گوتی دەوڵەمکەندە رەزیلەکە دوای دوو ساڵ لە چارەسەری و چوون بۆ دەرەوەی وڵات و خەرجکردنی دەیاها دەفترە دۆلار بە بێ ئومێدی و لاوازی و بێ هیوایی گەرایەوە کوردستان ؟ خزم و کەس و برادەران بە مەبەستی بەخێرهێنانەوە سەردانیان دەکرد ، زۆرێك لە میوانەکان بۆ ماستا و چێتی و ریابازی مەدح و پیا هەڵدان و رەحمەتیان بۆ دەنارد !؟ بەڵام یەکێك لە ئامادەبووان زۆر خواناس و شارەزا و بە جۆرئەت بوو بەهێواشی دەستی بە قسەکردن کرد و سەرنجی مەجلیس و میوانەکانی بۆ خۆی راکێشا و وتی ( نەخۆشی بۆ پیاو چاکان و پیغەمبەران خێر و رەحمەتە بەڵام بۆ کەسانی فێڵباز و حەرام خۆر جۆرێك لە سزا و ئینتیقامی ئیلاهیە لە دونیا !؟ گوتی خوای گەورە چۆن کەسانێك بەختەوەر دەکات و رەحمیان پێ دەکات کە (۳۰) رۆژ کرێکاری بە خەڵکی

هەژار و خاوەن خێزان و مندالّ بکەن لە پاشان پارەی ٢٠ رۆژ یان بە فێلّ و درۆ و چەواشەکاری لێ بخوات !؟ بێ ئاگا لەوەی هەناسە ساردکردنی مندالّی هەژاران و خواردنی مافی کرێکارەکان دەبێتە مایەیی رق و تۆلّە و سزای خوای گەورە بەسەر دەولّەمەندە رەزیل و بێ ویژدانەکان ، گوتنی نەتانبیستووە کە پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت فەرمویەتی (پاداشت و دەست هەقی کرێکار بدەن پێش ئەوەی ئارەقەی نێو چاوانی وشك ببێتەوە) هەروەها پارمەتی دتنی هەژاران و بەخشینی خێر و سەدەقە و زەکات مایەیی لەش ساغی بەختەوەری و ئاخیر خێری دەولّەمەندەکانە ، بەلاّم رەزیلی پیسکەیی و خواردنی مافی هەژاران بەدبەختی و چارە رەشی و دەرد و بەلاّو موصیبەتی گەورەی بەدوادا دێت . بەراستی کەسانی خواناسی راستەقینە دەبێ بەخشندە و سەغی دەستکراوە بن ؟ رەزیلی و پیسکەیی لەگەلّ دینداری راستەقینە ناگونجێت . لە کۆتایی برادەرەکە گوتی کابرای دەولّەمەند ستی کرد یەکەم جارە کەسێك بە شێوەیەکی راستەقینە نەخۆشیە شاراوەکانی بۆ باس دەکات ، دەستی کرد بە گریان گوتی و وام دەزانی بە خواردنی مافی هەژاران بەختەوەر دەبم ، بەلاّم نە لە رووی جەستەیەوە سودم وەرگرت لەو هەموو پارەی کە کۆم کردوّتەوە نە لەرووی دەرونی و ویژدانیەوە هەست بە ئارامی دەکەم ، کەچی هێشتا نەمردووم مندالّەکانم بە هیوان زوتر بمرم ، سەرووەت و سامانەکەم تەخشان و پەخشان بکەن ، رۆژ لە دوای رۆژ ململانێی و کێشەی مندالّەکانم لەسەر میرات و پارە ئارامیان لێ بریوم ، پاش چەند رۆژێك ئەم دەولّەمەندە مرد و مندالّەکانیشی بە سەرووەت و سامانەکەی کۆتاییان بە کێشەو ململانێکانیان هێنا .

# سۆزێك بۆ گۆڤاری

# بـرەو

م : فائق شێخ لەنگەری

لەجەنجالّی ئەم ژیانە......وەك سوارچاکێ
درِ بە تاریکستانی نەفامی دەوە...
برەو بدە وکەس نەتگاتێ.....
چاوەکانت پرِ رِەحمەت بێ
وەك بارانی سالّی هاتێ....
دلّ و دەرون بشواتەوە
لە ژەنگ و شۆرەکاتێ...
هەتا کاروان دەگاتەجێ...
برەو بدە ، برەو بدە....
هاورِێ مژدەی خۆشیم باتێ....
رِێبین بەولارِێ مەگرە
بەلّکو خواوەند عیلمت داتێ...



# شکستێك بونی نیە!!

کۆچەر فایق

کلیلی هەموو سەرکەوتنێك ئەوەیە کەسەرەتا ئامانجەکانمان دیاری بکەین،و هەوڵی خۆمان بخەینەگەڕ بۆ بەدی هێنانی ئەو ئامانجە. هەر ڕۆژەو ڕێگای تازەتر و جدی تر بگرینەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان . زۆر کەس ئەڵێ ملیۆنەها ڕێگام گرتۆتەبەر سەرکەوتونەبوم،یان ئەڵێ هەزارەها ڕێگام گرتۆتەبەر کەچی سەرکەوتو نەبوم.

ئەگەر بیرلەو قسانە بکەینەوە دەبینین:

ئەوکەسانە سەدان تەنانەت دەیان ڕێگاشیان تاقی نەکردۆتەوە،زۆربەی خەڵك شەش تا حەوت ڕێگە تاقی ئەکەنەوە، هەرکاتیکیش بەنەتیجە نەگەشتن خێرا تەسلیم ئەبن.

ئیستا ئەمەوێ نمونەیەکتان بیربێنمەوە ئەویش نمونەکەی ئەدیسۆنە کە هەموومان بیستومانە بەڵام بەداخەوە کەممان سودمان لێ بینیوە.

ئەدیسۆن (٩٩٩)ڕێگای بۆ دروست کردنی کارەبا تاقی کردەوە لەسەر(١٠٠٠)ەمین جار گەیشت بە ئامانجەکەی، کاتێکیش پرسیاریان لێکرد دەربارەی ئەو(٩٩٩)جارە وتی من(٩٩٩) جار شکستم نەهێناوە بەڵکو(٩٩٩)ڕێگام دۆزیەوە کەناتوانرێت کارەبای پێ دروست بکرێت.

با پرسیارێك لەخۆمان بکەین:

ئایە ئیمەئەوەندە سورین لەسەر بەدەس هێنانی ئامانجەکەمان،ئایا ئەگەر لەهەوڵەکانمان سەرنەکەوتین دوای ئەوە هەوڵ ئەدەین بەرێگەیەکی تر بگەین بەئاماج...

کە ئەڵێم شکستێك بونی نیە مانای ئەوەنیە لەگەڵ ئەو کێشانەی کەرووبەڕومان ئەبنەوە نائاسایی مامەڵەیان لەگەڵدابکەین

بەڵکو مەبەستم ئەوەیە هەست کردن بە شکست ونائومێدی ڕێگرەبن لە بەدی هێنانی ئامانجەکانمان، بڕوامان وابێ ئەگەرچی ئامانجەکانمان بە غیرممکین بێتەبەرچاو بەڵام ئەتوانین بەدەستی بهێنین.

زۆرکەس ئەڵێ چیتر ناتوانم هەوڵبدەم چونکە لە رابردوودا هەوڵی زۆرمداو سەرنەکەوتم.

بەڵام من ئەڵێم هەرگیز ڕابردوو ئایندەمان بۆ دروست ناکات،ئەوەی گرنگە دوێنێ نیە، بەڵکو ئەوکارەیە کەئیستا ئەمانەوێ ئەنجامی بدەین.

زۆرکەس بەگەڕانەوە بۆ ڕابردوو هەوڵەدەن ئایندە دروست بکەن بەڵام ئەگەر ئێمەیش وابکەین ئەوا هەرگیز بە ئامانج ناگەین چونکە هەرلە ڕابردودا ئەمێنینەوە،لە جیاتی ئەوە دەبێت گرنگی بەو کارانەبەین کە ئەمرۆ ئەنجامی ئەدەین تاکو بەئامانج بگەین.





# متمانە بەخۆ بوون بنەمای هەموو سەرکەوتنێکە.

بەڵێن تۆفیق

دەبێت مرۆڤ لە بزاوتو پێشکەوتنی بەردەوامدا بێت، بۆ بڕیاردان هاوکاری خۆی بکات، هەرگیز نەڵێیت کات بەسەرچووە یان من لەوە مەزنترم تا گۆڕانکاری بەدی بێنم لە ژیانمدا.

یەکێك لە گرنگترین لایەنەکانی کەسێتی نیازمەندی هاوکاریەکانە بۆ ڕاستکردنەوەی کەموکورتیەکان ئەو بەشەیە کەبەمتمانەوە پەیوەندیدارە.

چونکە مرۆڤ گەر متمانەی بەخۆی لەکیسدا ئەوا ناتوانێت خاوەنی هیچ دەسکەوتێك بێت،بونی لەژیاندا بەهایەکی ئەوتۆی نابێت شایەنی باس بێت.. لە پەیبردنی خودی، نمونەی باڵا، وێنای خودی، خەملاندنی خود، دەسکەوتە خودیەکانو ئەوانەی لەگەڵ متمانەدا تەریبن.

هێزی متمانە بەخۆ بوون هەموو مرۆڤێك متمانەی بەخۆی هەیە بەرێگەیەکی دیاریکراو کەسێك دەبینێت متمانەی بەخۆی هەیەو دەدوێت لەگەڵ خەڵکی یا لەگەڵ مناڵەکانی هەریەکێکیش لە ئێمە بڕوای بەشتێکی دیاریکراو هەیە.

نوسەری گەورەی د.ئیبراهیم ئەلفەقی ئەگێڕێتەوە.

لە یەکێك لە کۆنگرەکانمدا لە قاهیرە، کەسێك هات بۆلام تەمەنی ٧٠ ساڵێك دەبوو، پێی وتم: زۆر دەمێکە بە ئاواتەوەم نامەی دکتۆرا وەرگرم.پێم وت: لەچ بوارێکدا؟ وتی: گرنگ نیە گرنگ ئەوەیە ئەو ئاواتەم بێنمەدی، بەلام من بەساڵاچووم کاتی خوێندنم نەماوە. پێم وت تەمەنت چەندە؟ وتی: ٧٠ ساڵ. وتم:چەندێك کاتت پێویستە بۆ ئەوەی دکتۆرا بەدەست بێنیت؟ وتی چوار ساڵ. وتم: دوای ئەم چوار ساڵە تەمەنت دەبێتە چەند؟ وتی: دەبمە ٧٤ ساڵ وتم: گەر بە ئاواتەکەت گەشتیت تەمەنت دەبێتە چەند؟ وتی دەبمە ٧٤ ساڵ. وتم: گەر نەخوێنیت دوبارە تەمەنت دەبێتە چەند؟ وتی: هەر دەبێتە ٧٤ ساڵ وتم: کەواتە بۆ دکتۆرا بخوێنە.

دوای تێپەڕینی چەند ساڵێك چاوم بەکابرا کەوتەوە، پێی وتم: من بە ئاواتی خۆم گەشتم.

ئەو پیاوە هەستی وایدەکرد مادام تەمەنی گەشتۆتە ٧٠ ساڵ چیتر تەمەنی لەوە درێژتر نابێت، بۆیە ساتەکانی بەوجۆرە بەڕێدەکرد وایدەزانی ئەم هەناسەیە دواین هەناسەیەتی و مردن پێشوازی لێدەکات.

هەرکەسێك بەڕێگەیەکی دیاریکراو متمانەی بەخۆی هەیە. دەبینین پیاوێك لەگەڵ خەڵکی یان ژنەکەی یان مناڵەکەیدا دەدوێت، هەریەکێك لە ئێمە بڕوای بەشتێکی دیاریکراو هەیە.

من متمانەی تەواوم بەخۆم نیە ئەوە قسەکەی هەڵەیە چونکە لە شتێکدا ڕۆچووە متمانەی پێی نیە بۆیە ئەو بێ متمانەییە چڕ دەکاتەوە بۆ هەموو شتەکان و دەڵێت من متمانەم بەخۆم نیە.

ئایادەزانن مرۆڤ گەر متمانەی بەخۆی لەدەستدا ئەو کەسە لەترس و بیمێکی بەتینندا دەژی و هەست دەکات هەموو خەڵکی لەو باشترو باڵاترن، چیتر لەسایەی سێبەری کەسانیتردا دەژی و دەناڵێنێت بەدەست ئازارو ئەشکەنجەی دەرونیەوە.

بەهاداربوونی خود بەر لە متمانە بەخۆبوونەو پەرێشانی تێیدا دێتە دی، بەلام ئەو کەسەی کەمێك متمانەی تێدایە دەبینی ترسێکی ئەوتۆی تێدا نیە، دیدەکانی متمانەیان لێدەبارێت، لەمیانەی چاوەکانیەوە هەست دەکەیت پێت دەڵێت: من متمانەم بەخۆم هەیەو هەرگیز ناکومە ژێر کاریگەری تۆوە، چیتر هیچکام لە فاکتەرە دەرەکیەکان کاری تێناکەن، چونکە شارەزایەو باش دەزانێ بەرەو کوێ دەڕوات، دەزانێت بەهۆی ئەم متمانەیەوە زاڵ دەبێت بەسەر ئاستەنگەکاندا،هەربەو متمانەیشەوە دەتوانێت لابدات لە مەحاڵەکان.

خودی تۆیە مەحاڵ دێنێتە ئاراوە گەر بڕیار بدەیت و بیربکەیتەوە نەخشە بکێشیت و دەستبەکاربیت چیتر مەحاڵ لە ئارادا نامێنێت.

ئەو کەسەی بەشێوەیەکی ساغ بیردەکاتەوە. دەزانێت ئامانجەکانی چین و بەکوێی دەگەیەنن، کاتێك دەگاتە شوێنی مەبەست لەوێوە ئاسۆیەکی دورتر دەبینێت.



# وەفای پاشایەك

پاشایەك هەبوو چەندین یاسای سەیرو سەمەرەی دەرکردبوو لە شارەکەی. یەکێك لەم یاسایانە هەر کەسێك تاوانێکی ئەنجام بدابایە قەسابخانەیەکی دروست کردبوو چەندین سەگی تێدا دانابوو ئەوا ئەو کەسەی تاوانەکەی ئەنجام دەدا دەیخستە بەردەم سەگەکان.

دووای چەند خولەکێك سەگەکان پارچە پارچەیان دەکرد. رۆژێك یەکێك لە وەزیرەکانی پاشا تاوانێکی ئەنجام دا، داوای لە هاورێ و وەزیرەکانی کرد هەواڵی تاوانەکەی بە پاشا نەڵێن تاکۆ سێ رۆژ. ئەم وەزیرە بڕیاری دا چەند کارێك ئەنجام بدات بۆ دەرچوونی لە سزای پاشا. سەرەتا چوو بۆ ئەو قەسبخانەیەی کە پاشا دروستی کردبوو. لەگەڵ ئەو کەسەی کە خواردنی رۆژانەدەدات بە سەگەکان گفتوگۆی کردوو رێك کەوت لە گەڵی کەوا لە شوێنی ئەو بۆ ماوەی سێ رۆژ خواردن بدات بە سەگەکان لە بری برێك پارە. پاش تەواو بوونی سێ رۆژەکە بە هاورێ و وەزیرەکانی وت ئێستا دەتوانن هەواڵی تاوانەکەم بە پاشا رابگەیەنن. یەکێك لە وەزیرەکان هەواڵەکەی بە پاشا راگەیاند پاشا بەم هەواڵە زۆر تورە بوو بریاری دا بە زووترین کات وەزیرەکە ببردرێ بۆ بەردەم سەگەکان تاکو پارچە پارچەی بکەن بەڵام سەگەکان بەهیچ شێوەیەك بە لای دانەچوون! پاشا بەم رووداوە زۆر سەری سوڕما وەزیرەکەی بانگ کرد کەوا بۆچی سەگەکان نەیان خواردووە!؟ وەزیرەکە بە پاشای وت من بۆ ماوەی(٣٠) ساڵ خزمەتی تۆم کرد تۆ لە سەر تاوانێکی بچووك منت سزادا لە (٣٠) ساڵ خزمەتکردن بەم سزایە پاداشتت دامەوە بەڵام من بۆ ماوەی (٣) رۆژ خزمەتی ئەم سەگانەم کرد ئەمرۆ پاداشتیان دامەوە.

١- دەبێت خزمەتی دڵسۆزی هەر کەسێکمان لە بەر چاو بێت کە کارمان لەگەڵ دەکات و وەفاداربین .
٢- بۆ هەموو تاوانێك نابێت سزا دەر بکەین .
٣- سزادانی تاوانبار دەبێت بە گوێرەی تاوانەکەی بێت .
٤- دەبێت دڵمان فراوان بێت لێخۆشبوونمان هەبێت بەرامبەر بەرامبەرەکەمان.
٥- ئەو کارەی بە گفتوو گۆ چارە سەر دەبێت نابێت بە سزا دان چارە سەر بکرێت، سزادان چارە سەر نیە بۆ تاوانباران .



# مەرجەکانی بڕیاری ڕاست

لە پشت هەر هەڵسوکەوتێکمانا بڕیارێك هەیە و هەبووە، واتا ساتەکانی تەمەنمان بریتییە لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانمان، کاتێکیش دێت دەبینین هەندێ لە هەڵسوکەوتمان هەڵە بووە بەهۆی بڕیاری نادروست یاخود بڕیاری بەپەلە.

لە پێناوی کەمکردنەوەی هەڵە لە ڕەفتار و گوفتارمان، بیرمەندان ئەم ئامۆژگارییانەمان پێشکەش ئەکەن:

تەنها بوونی ئەقڵ و لۆجیك بەس نییە لە بڕیاردانا، بەڵکو بەرژەوەندی مرۆڤەکان و کۆمەڵگا هەمیشە دەبێ ڕچاو بکرێ.

دەبێ هەمو حوکمێکمان کە ئەیدەین بە سەر (کەس و پرس و شت)ەکان لە سەر بنەمایەکی ڕاستی و واقعی و مەبدەئی بێت. واتا بە (قەولی وتووان ، خەڵك وا دەڵێن ، وامان بیستووە) نەبێ.

مەبدەئی یەعنی: لەسەر (بەها و ڕەوشت)ی باوەڕ پێکراو کە ئامادە نەبێت بۆ چرکەیەکیش فەرامۆشیان بکەیت. لە بەها جیهانییەکان کە زۆر پێویستە لەبەر چاوت بێ: (مافی بەرامبەر، هەق و عەدالەت، نەزاهەتی قسەو نەزاهەتی کردار و نەزاهەتی حسابات، مەردایەتی و ئینسانییەت، چاکەکردن،..)

تێبینی١: هەرچ بڕیارێك لەسەر ( فەزیلەت و بەهای بەرز درابێ قبووڵ ئەکرێ لە هەموو کۆمەڵگایەك و لە هەموو زەمانێك با دژ بە یاسا ش بێت.

تێبینی٢: کاتێك بڕیار لەسەر بەهای بەرز درا، خاوەن بڕیار هەرگیز پەشیمان نابێت و تەحەمولی هەمو عاقیبەت و دەرئەنجامەکانی ئەکا.

٣- بەخۆتا بچۆ، ئایا پاڵنەری هەڵسوکەوتت خۆویستییە؟ یان مەبدەئییە؟

ئەگەر (مەبدەئی بو، ترسی بڕیاری هەڵە زۆر کەمدەبێتەوە )، بەڵام ئەگەر پاڵنەرت ( تەنهاخۆت) بێت ئەوە دڵنیابە کە بە دەگمەن بڕیارت ڕاست ئەبێ

٤- دەبێ بزانی کە هەڵەی خەڵك ڕێژەییە و هەندێ هەڵە کۆمەڵگا قبووڵێتی، نابێ ئەم ڕاستییە فەرامۆش بکەیت بەتایبەت لە کاری ئیدارەدا.

٥- کە ئەگەیتە ئەوەی بڕیارێك بدەیت، وەڵامی ئەم پرسیارە بدەرەوە: وەك مرۆڤێکی خواناس وسەردەم چی ڕاست و دروستە من بیکەم؟

٦- با هەر بڕیارێکی نوێ قەناعەت و بۆچوونی خۆی هەبێ و، لەسەر تێبینی و بۆچوونی کۆن دروست نەبێ.

٧- ئازاد بە لە بڕیاردانتدا ، چونکە هەر خۆت بەرپرس دەبێت .



ئامادەکردنی
ئەمیر ئەحمەد عەبدولقادر
Amir_koy@yahoo.com

# دەنگدانەوەی ژیان....!

دەگێڕنەوەجارێکیان یەکێك لەداناکان چووەدەرەوەی شار لەگەڵ کوڕەکەی بۆ ئەوەی شارەزای بکات لەبەرزی و نزمی چواردەوری شار و لەکەشێکی پاك و بێگەرد و دوور لەژاوەژا و خەمەکانی شار....

هەردووکیان رێگای دۆڵێکی قوڵیان گرتەبەر کەبەچیایی بەرز و سەرکەش دەورەدرابوو...لەکاتی رۆیشتنیان....منداڵەکە هەڵەنگوت لەرۆیشتنی دا....بەسەر ئەژنۆکانیدا کەوت....

منداڵەکەهاواری کرد لەئەنجامی ئەو ئازارەی بەری کەوت بۆ دەربڕینی ئازارەکەی بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد ئا ئاهههههههههه

کەچی لەخوارووی دۆڵەکەگوێ بیستی دەنگێك بوو بەشداری ئازارەکەی دەکات و بەدەنگێکی بەرز و بەهەمان ئاواز دەڵێت:ئائاهههههههههه

منداڵەکەئازارەکەی لەبیر چوو وبەخیرایی و سەرسوڕمانەوەبۆ شوێنی دەنگە کەڕای کرد ووتی: تۆ کێ ی؟

کەچی وەڵامەکەپرسیارەکەدووبارەدەکاتەوە: تۆ کێ ی؟؟

منداڵەکە توڕەبوو لەو بەرپەرچ دانەوە بەپرسیارکردن،وەڵامی دایەوە بەدڵنیایی یەوە ووتی: بەڵکو من پرسیارت لێ دەکەم تۆ کێ ی؟

جارێکی تر وەڵامەکەی تەنها بەهەمان توندو تیژی بوو:بەڵکو من پرسیارت لێ دەکەم تۆ کێ ی؟

منداڵەکەژیری خۆی لەدەستدا کاتێك بەهەمان شێوەوەڵامی دایەوەبەتووندی...بۆیەبەتوڕەیی وەڵامی دایەوە،، تۆ تر سنۆکی،،

ئایا پاداشت هەر بەهەمان شێوەی کارەکەو....هەمان هێز بەرپەرچ دەدرێتەوە،، تۆ ترسنۆکی،،....

منداڵەکەئەوکاتەتێگەیشت ئەو پێویستی بەفێر بوونی بەشتێکی نوێ یەلەژیاندا لەباوکی دانای فێری ببێت ، کەلەتەنیشتیەوەوەستاوەو بەشداری ناکات و دەست ناخاتە ناوکارەکەی ،ئەودیمەنەی کەخۆی دەرهێنەرەکەیەتی.

پێش ئەوەی منداڵەکەدەست بکات بەجنێو و قسەووتن خۆی گرت و رێگای بۆ باوکی کردە وەبۆ بەرێوەبردنی هەڵوێستەکە هەتاکو ئەویش خۆی بۆ پەند وەرگرتن لەچیرۆکەکە یەکلایی بکاتەوە.....

باوکەکە،وەك پیشەی هەمیشەیی،بەدانایی هەڵسوکەوتی لەگەڵ کێشەکەدا کرد....

داوای لەکوڕەکەی کرد ئاگاداری وەڵامەکەبێت ئەم جارە بۆیە لەناو دۆڵەکەبانگی کرد: من رێزت دەگرم،،

بێگومان وەڵام لەشێوەی کارەکەیە....بەهەمان شێوەو بەرێزەوە: من رێزت دەگرم،،

کوڕەکەسەیری بەگۆڕانکاری شێوەی وەڵامەکەی وەڵام دەرەوەداهات...بەڵام باوکەداناکەدەمەقاڵی یەکەی تەواوکرد، تۆ چەند کەسێکی باشی،،

بێگومان وەڵامەکەهیچی کەمتر نەبوو لەو شێوازەجوانە: تۆچەند کەسێکی باشی،،

کوڕەکەسەری سوڕما لەوەی گوێ بیستی بوو بەڵام

لەنهێنی گۆڕنکاری وەڵامەکە تێنەگەیشت ، بۆیەبێدەنگ بوو بەووردی چاوەڕوانی گوێ بیستنی روونکردنەوەی ئەو رووداوە فیزیایەبوو لەباوکی دانای .....

پیاوەداناکەبەم شێوەیەئەو راستی یەیی بەشێوەیەکی دانایی شی کردەوە، کوڕەشیرینەکەم:ئێمەئەو دیاردەیەسروشتی یەلەجیهانی فیزیا ناودەنێین ((دەنگدانەوە))...

بەڵام لەراستی دا ئەوە ژیانە بۆخۆی.....

ژیان هیچت پێ نابەخشێت تەنها بەئەندازەی ئەوەی پێ ی دەبەخشیت....

هەروەها هەرئەوەندەرێزت لێ دەگرێت کەتۆ رێزی لێ دەگریت و بەس.....

ژیان ئاوێنەی کارەکانت و..... دەنگدانەوەی قسەکانتە..........

ئەگەر دەتەوێت یەکێك رێزت بگرێت رێزی خەڵکی تر بگرە.....

ئەگەر دەتەوێت یەکێك بەزەیی پێت دابێت بەزەیت بەخەڵکی تردا بێت.....

ئەگەر دەتەوێت یەکێك عەیبەکانت داپۆشێت عەیبی خەڵکی دا بپۆشە........

ئەگەر دەتەوێت یەکێك هاوکاریت بکات هاوکاری خەڵکی تر بکە.......

ئەگەر دەتەوێت یەکێك گوێت بۆ بگرێت بۆ ئەوەی لێت تێبگەن گوێ لەخەڵکی تر بگرەبۆئەوەی لێت تێبگەن......

چاوەڕوانی ئارام گرتن لەخەڵکی مەکەئەگەر یەکەم جار تۆ ئارام گر نەبیت لەگەڵیاندا.....

کوڕەشیرینەکەم....ئەوەیاسا و دەستوری خودایەکەلەسەرجەم لایەنەکانی ژیاندا جێ بەجێ دەبێت.... ئەمەش یاسای بوونەوەرەکەلەسەرجەمی بەرزی و نزمی یەکانی ژیان دەی بینین.... ئەوەش دەنگدانەوەی ژیانە.....ئەوەی پێشکەشت کردووەدەی بینی یەوە..... ئەوەی چاندووشتەدەی دووری تەوە...!!

# بانگخواز دەبێت وەك خۆر وابێت !!!

و: سەمیرە کەرکوکی

١- خۆر بەردەوام دەجوڵێت، بانگخواز دەبێ وا بێ .

٢- خۆر دونیا روناك دەکاتەوە، بانگخواز دەبێ وا بێ .

٣- خۆر جوانی دەردەخات، بانگخواز دەبێ وا بێ .

٤- خۆر داوای پاداشت لە مرۆڤ ناکات، بانگخواز دەبێ وابێ .

٥- خۆر بە تەنها ئیشی پێ دەکرێت، بانگخواز دەبێ وا بێ

٦- خۆروچان و پشووی نیە، بانگخواز دەبێ وا بێ

٧- مرۆڤ بە بێ خۆر ناژی ، بانگخواز دەبێ وا بێ

٨- هیچ شتێك ناتوانێ پێشی خۆربگرێت، بانگخواز دەبێ وا بێ

٩- خۆر بۆ هەموو خەڵکە بەبێ جیاوازی ، بانگخواز دەبێ وا بێ

١٠- خۆر کاتێ کە دەردەچێ تاریکی ناهێڵێ، بانگخواز دەبێ وا بێ

١١- خۆر بەتەنها بەقسەی خوای گەورە دەکات و لێی دەترسێت، بانگخواز دەبێ وا بێ

١٢- خۆر زۆڵم لە مرۆڤی خودا ناکات و ئازاری دڵیان نادات، بانگخواز لە خوا دەترسێ و دەبێ وا بێ .



# ئەمە .. یاسایە !!

ئا : هیوا بلْباس

دەگێڕنەوە پیاوێك دوو ئەسپی هەبوو ، ڕۆژێکیان بارێکی هەبوو و ویستی بەهۆی ئەم ئەسپانە بیگوازێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە بارەکەی کرد بە دوو بەشەوە و خستیە سەر ئەسپەکان و کەوتەڕێ ، لە ڕێگادا ئەسپێکیان زۆر چالاکانە دەڕۆیشت و هەردەم لە پێشڕەویدا بوو، بەڵام ئەوەیتریان زۆر بە خاوی و تەمبەڵی ڕێی دەکرد و وای نیشان دەدا کە زۆر ماندوو و شەکەتە و بەرەبەرە دوادەکەوت . لەبەر ئەمە پیاوەکە هەوڵیدا وردە وردە باری ئەسپە دواکەوتووەکەش بخاتە سەر ئەوەیتر بەڵام ئەسپی تەمەڵڕ لە سستی و خاوی خۆی بەردەوام بوو تا وای لێهات هەموو بارەکەیان کۆکردەوە لەسەر پشتی ئەسپە گورج و گۆڵەکە ئەویش بەرگەی گرت و درێژەی بە ئەرکەکەی دا، بەم شێوەیە ڕۆیشتن تا گەیشتنە شوێنی مەبەست.

لێرەدا ئەسپە تەوەزەلەکە وای دەزانی کارێکی چاکی کردووە کە خۆی لە ماندووبوون و ئارەقە ڕشتن ڕزگار کرد چونکە بە بۆچوونی ئەو ئەگەر گوێڕایەڵ بێت و کردو کۆشش بکات یان کەمتەرخەمی لە ئەرکەکەی بکات و هەموو شتێك پشتگوێ بخات ئەوا لە کۆتاییدا هیچ جیاوازیەکی نیەو چەندێك بەشی تۆ بێت هەر ئەوەیە !.بەڵام دوای تەواوبوون خاوەنی ئەسپەکان لەلای خۆیەوە وتی: من تەنیا سوودم لە یەك ئەسپ بینیوەو گشت کارەکانم بۆ ئەنجام دەدات، جا بۆچی خواردن بدەم بە دوو ئەسپ و خەرجیان بکێشم! بۆیە بڕیاریدا هەموو خواردنەکە بدا بە ئەسپە چوست و چالاکەکە و ئەوەیتریش سەرببڕی و سوود لە پێستەکەی وەربگری!

لە جیهانی مرۆڤیش هەمان دۆخ و حاڵەت هەیە، کەسانێکی نەفام و ساویلکە هەن وادەزانن کە دونیا هەر شایستەی ئەوەیە بە فێڵ و تەڵەکە کارەکانت تێبپەڕێنی و خۆت لە ئەرکەکانت بدزیتەوەو مشورێکی بەرپرسیارێتیەکانت نەخۆیت چونکە هەر ئەو کەسانە قازانج دەکەن کە بە ساختەکاری و گوێ پێنەدان ژیان بەڕێ دەکەن و بنەما ڕەسەنەکان فەرامۆش

دەکەن !!! بەڵام ئەوانە بێئاگان لەوەی کە ژیان بەپێی چەند یاساو ڕێسایەکی نەگۆڕەوە بەڕێوە دەچێت و ئەوەی هەوڵ بدات لێیان لابدات ئەوا دووچاری دوارۆژی ڕەش و دژواری خۆی دەبێت، یەکێك لەوانەش یاسای کارو کردەوەو پاداشتە خوای گەورەش فەرموویەتی (وقل اعملوا فسيرى الله عملكم ورسوله والمؤمنون ...) کە زۆر بە ئاشکرا پێمان دەڵێ پێوەری یەکلاکەرەوە بریتیە لە هەوڵ و تێکۆشان و ئەنجامدانی کردارو ڕەفتاری پەسند و هەر ئەوەشە هەڵسەنگاندنی پآ دەکرێت لەم ژیانەو لە ژیانی دواییشدا .

لەڕاستیدا ئەم یاساو بنەما سەرەکیانە خوای زاناو شارەزا بۆ هەموو ژیان و بوونەوەری داڕشتووە ، ئەستەمە هیچ کەسێك ڕیزپەڕبێت و بتوانێت لێی دەربچێت هەرچەندە تواناداڕ و خاوەنی دەسەڵات و ماددە بێت . لەوانەیە لە دیدگای کورتبینی خۆمان هەندێك جار کەسانی وا ببینین کە تواناو بەهرەیان ئەوەندەی ئێمە نەبێت و ڕەنجدان و تێکۆشانیشیان بەقەدەر هی ئێمە نەبێت لە هەمان کاتدا لە خۆشی و قازانج و حەسانەوە دابن . بەڵام ئەگەر زیاتر لێی ورد بیتەوە دەبینی بەم جۆرە نیە ، ئەگەری هەیە ئەو کەسە هەندێك ئاکار و تایبەتمەندی وای هەبێت کە شاراوە بێت و لای ئێمە نەبێت ، خۆ ئەگەر یەکێکیش بە فێڵ و ساختە چەند دەستکەوتێکی بەدەست هێنابێت ئەوا ئەو خۆشی و کات بەسەربردنەی ئەو جلّەو بۆ شل کردنە تا ڕۆژێك دادێت (وەکو ئەسپەکە سەرببڕێت و کەوڵ بکرێت . بەڵام دڵنیابە خوای گەورە کە خۆی خاوەنی هەموو بوونەوەرە ستەم لەکەس ناکات و هەر کەسێك چی بچێنێت ئەوە ئەدوورێتەوەو براوەی ڕاستەقینەش ئەو کەسەیە کە لە سەرئەنجامی کۆتایی سەرکەوتنی هەمیشەیی بەدەست دێنێت .



جونەید سواقی
و: ئیمان ناصح

# بیەخشە...
# تاخەندە لە ڕووی بێ نازی دا بنەخشێنی

بەیانی بوو بەرەولای صەموونخانەیەکی نزیك ماڵی خۆمان ڕۆشتم تا هەندێك صەموون بکرِم، کە گەشتمە ئەوێ هیچ صەموونێکی ئامادەکراوم لەسەر مێزەکە نەبینی

وەستای صەموون وتی: مامۆستا ئەبێت هەندێك چاوەڕێ بیت، دوو- سێ دەقەیەکی تر لە فڕنەکە دەریان دەهێنم

منیش بە مەبەستی چاوەڕوانی هەندێك چومە ئەولاوەو لەسەر قادرمەی بەردەم دوکانێك دانیشتم

لەوکاتەدا کە چاوم لەسەر فڕنەکە بوو تا بزانم کەی وەستا صەموونەکان دەردەکات و ئیشارەتی بانگ کردنم بۆ دەکات، لەناکاو پیاوێکم بەرچاوکەوت کە خۆی کرد بەناو صەموونخانەکەدا ،پیاوێکی بەساڵاچوو دەردەکەوت کە جل و بەرگێکی کۆنی لەبەردابوو لەکاتی بە ڕێگا چونیشدا هەندێك شەلی پێوە دەردەکەوت، ئاگام لێ بوویاش سەلام لە وەستاکە پێی وت: صەموونەکانم ئەدەیتێ، ئێستا بەرخۆڵەکانم برسییانە.

وەستاکەش دەستی برد ئەو سەبەتەیەی کە کابرای بەساڵاچوو درێژی کردبوو لە دەستی گرت و بەرەو لای مێزێك چوو، لە ژێر مێزەکەدا هەندێك صەموونی دەرکرد کە دیار بوو هی ڕۆژی پێشتر بوو، چەند دانە لەو صەموونانەی هەڵگرت و کردی یە ناو سەبەتەی کابرای بەتەمەن

لەم دیمەنانەی کە لە پێش چاوم دا گوزەری دەکرد هیچ تێنەدەگەشتم بۆیە لەجێی خۆم هەستام و بەرەو لای وەستاکە ڕۆشتم

کاتێك بینیم ئەو صەموونانەی وا لەناو سەبەتەی کابرادایە تەواو ڕەنگیان گۆڕاوە دیاربوو کە خراپ بوبوون هەروەك بەرد ڕەق و کۆن بوون

منیش خۆم پێ نەگیراو بە وەستای صەموونچیم وت: ئەی بۆ پێی ناڵێی کە چاوەڕێ بکا تا صەموونەکان دەردەچێ،

مەگەر تۆنەت وت تۆزێکی تر دەریان دەهێنم؟

صەموونچی وەڵامی دایەوەو وتی: خۆی داوای صەموونە خراپەکان ئەکا، بە هۆی ئەوەی کە هەژارە ئەو صەموونانە ئەبات، منیش نیوەی نرخەکەی لێ وەرئەگرم

پرسیم کە ئەو پیاوە کێیە؟

وتی: لە جەنگاوەرە دێرینەکانە، کوڕە بووکەکەی لە ڕووداوێکی هات و چۆدا گیانیان لە دەست دا، لەو کاتەوە دوو نەوەکەی هێناوەتە لای خۆی، ئەوە ساڵانێکە چاودێرییان ئەکا ئەویش بە مووچەیەکی زۆر کەم

لەبەرامبەر ئەو قسانەی صەموونچی یەکەدا هەستم کرد وا ناخم وەك ئاگر خەریکە دەسووتێ، دەمویست ئەگەر شتێکی کەم نرخیش بێت بیکەم بۆ ئەو پیاوە، بۆیە داوام لە صەموونچی یەکە کرد و وتم: نیوەی پارەکەی تری من ئەیدەم، تۆش صەموونی تازەی بدەرێ با هیچ نەبێت ئەمڕۆ بتوانن صەموونی تازە بخۆن.

صەموونچی داواکەی قەبوڵ کردم و تەواوی صەموونە خراپ و کۆنەکانی لەناو سەبەتەی کابرادا دەرهێنا.

صەموونی تازەشی لە نێو فڕن دەرهێناو دەستبەجێ سەبەتەی کابرای پڕ کرد لە صەموونی گەرم و نەرم و تازە، ڕووی لە پیرەمێرد کردو بە دەنگێکی بەرز وتی: زۆر بە بەختی مامە حاجی، ئەمڕۆ صەموونێکت پێ ئەدەم بۆ نەوەکانت کە هەر وەك کێك نەرم و جوانن.

پیرەمێردی هەژار نزیك بوویەوەو هەر وەك منداڵێك سەبەتەکەی لە ئامێزگرت و توند بە سنگی یەوە نوساندی، ڕووی لە من و صەموونچی کردو وتی: ئای خودا لێت ڕازی بێت کوڕم، ئەوە لە کوێ وە دەتزانی کە ئەمڕۆ یادی لە دایك بوونی نەوە بێ نازەکانمە؟

# پایان

**سەرنووسەر**